ئامادەکردن و کردنە PDF
ڕۆژگار کەرکوکی



# کتێبی مەستوورەی ئەردەڵان

بوخاری وشیار

# گروپێک بۆ خزمەتی
# خوینەران و نوسەران و وەرگیرو
# قوتانیانی خۆشەویست




## کتێبخانەی ( PDF )

PUBLIC GROUP · 82K MEMBERS

کاک ڕێزگار

خۆشەویست

لەگەڵ ڕێزم بۆتان

بوخاری وشیار

کتێبی

# مەستوورەی ئەردەڵان

بوخاری وشیار

کتێبخانەی مەم و زین

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: کتێبی مەستوورەی ئەردەڵان
- نووسینی: بوخاری وشیار
- پیتچنین: وشیار عەلی
- بەرگ: ئیبراهیم ساڵح
- نەخشەسازی ناوەوە: سەنار سەمەد
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٠
- چاپخانە: مەم و زین
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی ( ٥١٩ ) ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە.

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ کتێبخانەی مەم و زین

## ناوەڕۆک

پێشەکی........................................................۷

لە ئەردەڵانەوە بۆ میرنشینی بابان..............................۹

پەیوەندی نالی و مەستوورە....................................۲۳

دەقی قەسیدەی (مەستوورە)....................................٤۳

بەرهەمەکانی مەستوورە........................................٦٥

"مەستوورە" وەک یەکەمین مێژوونووس(مێژووی ئەردەڵان)........٦۹

"مەستوورە" وەک ئایین زانێک (شرعیات)........................۷۹

"مەستوورە" دامەزرێنەری شیوەنە شیعر (دیوانی مەستوورە).....٨٥
بەشی فارسی.....٩٣
بەشی سۆرانی.....١٠٥
بەشی هەورامی.....١١٢
باسێکی دەستخەتەکە.....١٧٣
پیرەمێرد و مەستوورە.....١٨٣
شێواندنی مێژووی کورد.....١٩٩
وێنە پەیوەندی دارەکان.....٢٠٩
پەراوێز و سەرچاوەکان.....٢٢٣
سەرچاوەکانی ئەم کتێبە بەگشتی.....٢٦١

به ڕۆحی (مەلای گەورەی کۆیە) پێشکەشە؛

کە یەکەمین کەس بوو کچی خۆی (نەجیبەخانی جەلیزادە)ی ناردە قوتابخانە و پێی خوێند، تا کورد مەستوورەی لێ نەبڕێت.

## پێشەکی

دڵخۆشم کە ئەم بەرهەمەی من دەبێتە بەشێک لەو لێکۆڵینەوە ئەدەبی و مێژووییە کەمانەی کە لەبارەی ژنە هەڵکەوتوو و شاعیرەکانی کوردەوە کراون، ئەم هەوڵەم لەپێناو -هیچ نەبێ- ئاوڕدانەوەیەک لە ژنانی کورد و وننەبوونی مێژووی دێرین و دوورودرێژی ئەدەبیاتی کوردیماندایە، هەر نەبێت بەم هەوڵەم ناهێڵم مێژووی شیعری کوردی مێژویەکی پیاوسالارانە بێ، چونکی ئەوەی لە ئێستادا لە بەردەستدایە، زیاتر شیعری (پیاو-شاعیران)ی کوردییە؛ لە باباتاهیری هەمەدانی (٩٣٥ز)یەوە تا دەگات بە ئەمڕۆ، لە بواری شیعردا تەنها گوێمان لە شیعر و ناوی کۆمەڵە شاعیرێکی پیاو دەبێت، بێ ئەوەی ئاگادار بین لەوەی خاوەنی قەڵەمی بەهێزی شیعری ژنیش بووین لە ڕابردوودا و بە هەڵەدا نەچووم، ئەگەر بڵێم پێشەنگی ئەو مەیدانەش بوون لە سەردەمەکەی خۆیاندا. ئاوڕدانەوە لە شیعر و مێژوو و ئەدەبیاتی گەلێک کە بەردەوام دەربەدەر و داگیرکراو و ترسی کوشتن و قەدەغەکردنی زمانی خوێندن و نووسینی لەسەر بووە، کارێکی وا ئاسان نییە، زۆرن ئەو ژنە کوردانەی کە لە سەردەمی خۆیاندا پێشەنگ و خاوەن قەڵەمی بەهێزی خۆیان بوون، بەڵام ئێستا نەک هەر ناویان نابیستین و نازانین کێن، بەڵکوو هیچ سەرچاوەیەکی بەهێزیشمان لە بەردەستدا

نییە تا بتوانین بە زیندوویی بیانهێڵینەوە و لە مێژوودا ناوێکی نەمریان پێ ببەخشین.

مەستوورە یەکێکە لەو ژنە توانایانەی کورد کە تاوەکوو ئێستاش هەندێ کەس وەک فارسێک دەیناسن و دەستی ڕەشی داگیرکاری نەیهێشتووە بە باشی بیناسین و هێزی ژنی کوردمان لە کایەکانی ئەدەب لە سەدەی نۆزدەهەمدا بۆ دەرکەوێت. ئەگەرچی ئەم هەوڵەم هەوڵێکی کورتخایەنە و بەرهەمی دوو ساڵ کارکردنمە لەسەر (ماهشەرەفخانمی ئەردەڵانی،) بەڵام هەوڵم داوە خوێنەر ئاشنای هەموو جومگەکانی لێهاتوویی مەستوورە بکەم و هیوام وایە ئەم ئاوڕدانەوەیە بچووکەم لەم ژنە شاعیر و مێژوونووسە تاقانەیەی سەدەی نۆزدەهەم (لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا،) ببێتە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی دەنگ و پێگەی ژن لە ئەدەبیاتدا.

بوخاری وشیار

٢٠٢٠ - هەولێر

# لە ئەردەڵانەوە بۆ میرنشینی بابان

(ئەولەسەن کاتێ چاوی بە کیژە ساواکەی کەوت، خێرا هەڵستایەوە و لە ئامێزی گرت و ڕووبەندەکەی لادا و بە دیتنی ڕوومەتی ڕووناکی کۆرپەکەی لە خۆشی و شادیدا هەر بزەی سمێڵی دەهات. بێ ئەوەی بڵێ باوکم ڕاوەستاوە، لە خۆشیدا هەڵپەڕی و دواتر ڕووی کردە هەیوان و لەوێ ڕووی کردە مانگەشەوەکە و منداڵەکەی بۆ بەرز کردەوە و گوتی: "خوایەگیان! ئەم کەنیشکەت بە هۆی شەرەفی تریفەی ئەم مانگەشەوەوە پێ بەخشیوم." ڕوو دەکاتە ساواکەی باوەشی و پێی دەڵێت: "دەبێ تۆش وەک تریفەی ئەم مانگە، جوان و شیکەلانە بیت و بۆ هەموو کات بدرەوشێیتەوە، بۆیە ناوت دەنێم ماهشەرەف!")(١)

## ماهشەرەفخانمی ئەردەڵانی

## (١٨٠٥-١٨٤٨)

ماهشەرەفخانم ناسراو بە ماهشەرەفخانمی سەنەندەجی (سنەیی/ئەردەلانی) یان (مەستوورەی کوردستانی،) لە لاپەڕەکانی کتێبەکەیدا (مێژووی ئەردەلان) خۆی تەنیا بە ناسناوە ئەدەبییەکەی (مەستوورە) ناو دەبات. کچی ئەبولحەسەنبەگ (ئەولەسەنبەگ)ی کوڕی محەمەدئاغای نازیری کوردستانی[1]، کچەمامی سادیقولمولک و برازای میرزا عەبدوڵڵای ڕەونەقە، خاوەنی ژیاننامەی (حەدیقەی ئەمانوڵڵاهی)[2]. ساڵی (١٨٠٥ز)[3] هاوکات لەگەڵ حوکوومەتی حاکمی ئەردەڵان (ئەمانوڵڵاخان ١٧٩٩-١٨٢٤ز) لە بنەماڵەی ناوداری قادری لە شاری سنەی پایەتەختی میرنشینی ئەردەڵاندا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. مەستوورە لە بنەماڵەیەکی ناودار بووە، کە تێکەڵەیەک بووە لە دوو بنەماڵەی دەستڕۆیشتوو لە ڕووی پێگەی سیاسی، ئابووری و کولتوورییەوە، لە دایکەوە لە بنەماڵەی (وەزیر) و لە باوکەوە سەر بە (قادرییەکان) بووە، کە ئەو کاتە زۆر لای والییەکانی ئەردەڵان بەقەدر بوون. ئەم دوو بنەماڵەیە لە بنەماڵە بەهێز و دەسەڵاتدارەکانی سنە و میرنشینی ئەردەڵان بوون. بنەماڵەی قادرییەکان بۆ میرەکانی ئەردەڵان، دڵسۆز و بەئەمەک بوون و هەموو دەم خاوەن پلە و پێگەی دەسەڵات بوون. محەمەدئاغای باپیری مەستوورە بەشداریی زۆربەی ڕووداوە گرنگەکانی میرنشینەکەی کردووە و نزیکەی نیو سەدە و لە

سەردەمی چوار لە میرەکانی ئەردەڵاندا نازیر[٤] (سەرکار)ی کوردستان بووە[٥]. یەکێک لە سێ کوڕەکەی محەمەدئاغا، (میرزا عەبدوڵڵای مونشیباشی-ڕەونەق ١٨٠٤-١٨٦٤) باوکی میرزا عەلی ئەکبەرخانی سادیقولمولکە، ناسراو بە عەلی ئەکبەر کوردستانی وەقایعنیگار و نووسەری (حەدیقەی ناسرییە.)[٦]ماڵباتی وەزیری، دووسەد-ساڵێک پێش ئێستا هاتوونەتە سنە و پیاوەکانی پشتاوپشت پلەی وەزیرییان وەرگرتووە. دامەزرێنەری ئەم خانەوادەیە (خواجە ئیبراهیم کوڕی خواجە یوسووف بەزاز ئەسفەهانی) بووە، کە هەڵۆخان ساڵی ١٦١٣ لە ئەسفەهانەوە لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە بارەگای خۆی لە قەڵای حەسەناوا[٧]. دایکی مەستوورە، (مەلەک نیساخانم) لە وەزیرەکانی سنەیە و باپیرە گەورەیان، میرزا عەبدوڵڵای وەزیرە. میرزا فەتحوڵڵای خوڕەمی، کە دەبێتە مامی دایکی مەستوورە، پێشتر سەرداری خوسرەوخانی گەورە بووە، بەڵام پاڵی داوە بە لوتفعەلیخانی زەندەوە و بۆ نەگبەتی دەکەوێتە چنگی ئاغا محەمەدخان و ئەمیش هەردوو چاوی هەڵدەکۆڵێت. بەشوێن ئەوەدا ڕوو دەکاتە شیعردانان و شاعیرێکی زۆر باشی لێ دەردەچێت، بێ گومان مەستوورە و ڕەونەق لە شیعردانان و هۆنینەوەی مێژوودا بەهرەی زۆریان لێ وەرگرتووە[٨]. هەر لەم خێڵی وەزیرییە، پوورزای بابی مەستوورە، (میرزا عەبدولباقی-شەیدا)یە کە شاعیرێکی باش بووە و وەک ڕەونەق دەڵێ، لە سەرینەی خۆی، بە دەورووبەریدا کەسی بە شاعیر نەزانیوە[٩]. باوکی، ئەبولحەسەنبەگ ناسراو بە (ئەولەسەنبەگ) لە پیاوماقووڵان و ڕەسەنەکانی سنە بووە، مەستوورە لە لای باوکییەوە دەگاتە ئاغاکانی دەرگەزینی سەر بە هەمەدان و باپیرە گەورەیان ناوی قادر

بووە و زەمەنی شا سوڵتان حوسەینی سەفەوی، (ساڵی ١٧٠٠) دەرگەزێنی سەر بە هەمەدانیان بە جێ هێشتووە و ڕوویان لە کوردستان کردووە. بەشێکیان لە سنە گیرساونەتەوە و بەشەکەی تریان ڕوویان لە سلێمانی کردووە، کە ئەو دەمە هێشتا بنیاتنەنرابوو[١٠].

ماهشەرەف هەر لە زۆر منداڵییەوە دەری خستووە کە چەند زیت و زیرەکە و تا چ ڕادەیەک بیری ژیرە و چۆن هەموو شتێ زوو فێر دەبێ، ئەوەی کە ماهشەرەفی کردە مەستوورە، ئەو دوو بنەماڵەیە بوون کە لەسەرەوە ناومان بردن، ماهشەرەف کە چاوی کردووەتەوە، داب و دەستوور و خووونەریتی پەسەند و ئاکاری نەرمونیانی بینیوە و کە گوێی شل کردووە، شیعری جوان و قسەی بە ڕێوجێ و پرسیار و وەڵامی ژیرانەی بیستووە. ئەبولحەسەنبەگ باوکی مەستوورە پیاوێکی زانا و ئەدیب بووە و زۆری حەز کردووە مەستوورەی کچی جیا لە کچانی ئەو سەردەمە پەروەردە بکات و فێری خوێندن و نووسین بێت و لە زانست و ئەدەبدا میراتگری خۆی بێت، بۆیە بۆ هەرشوێنێک و کۆڕ و کۆبوونەوەیەک بڕۆشتبا مەستوورە هاوڕێی هەمیشەیی بوو. ئەولەسەنبەگ بەو هەموو ماڵ و سامانەی هەیبووە، کە خوا ماهشەرەفی پێ داوە، ئەگەرچی وەک هەموو پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی، بە هیوای کوڕ بووە، بەڵام منداڵی تری نەویستووە و زۆربەی کاتی خۆی بۆ بارهێنانی کچەکەی تەرخان کردووە و تا تەمەنی لە بیست تێپەڕ نەبووە، نەبووەتە خاوەن منداڵێکی تر[١١]. هەر لە منداڵییەوە مەستوورە گرنگی و بایەخێکی زۆری پێ دراوە لە لایەن خانەوادەکەی و هاوئاستی پیاوان مامەڵەی

لەگەڵ کراوە و فێری خوێندن و نووسینی زمانەکانی عەرەبی، فارسی و کوردی کراوە، لە کاتێکدا خوێندن بۆ کچان باو نەبووە و کەس کچی خۆی نەناردووە بۆ حوجرەی مزگەوتان تا بخوێنن و ژن لە ساکارترین مافەکانی بێ بەش کراوە. ژن بۆی هەبووە تەنها لە لە چوارچێوەی حەساری ماڵەوەدا بمێنێتەوە و خزمەتی پیاو بکات. حەمەئاغای باپیری مەستوورە کە ئەوکات مەستوورە تەمەنی نزیکەی شەشساڵان دەبێت، دەستی نەوەکەی دەگرێت و دەیبات بۆ مزگەوتی گەورەی سنە تا لای شێخ سەعید فێری خوێندنەوە و نووسین ببێت. شێخ سەعید لە تەنیشت میحرابی مزگەوت دانیشتبوو خەریکی گوتنەوەی وانە بوو، کاتێ حەمەئاغای بینی، بانگی لێ کرد تا بڕواتە حەڵقەی فەقێکانییەوە، حەمەئاغا دەستی مەستوورەی لەناو دەستدا بوو، چووە نێو حەڵقەکە و گوتی: "ماموستا! ئەم کچە ماهشەرەفی کەنیشکی ئەولەسەنە، زۆر زیرەک و بلیمەتە، بەشێک لە غەزەلەکانی سەعدیی شیرازیی لەبەرە، هێناومەتە خزمەتت تا لە مەکتەبێکی مزگەوت بخوێنێت!" شێخ سەعید دەستێکی بەسەری مەستوورەدا هێنا و گوتی: "کچم! شیعرێکمان بۆ بخوێنەوە!" ئەویش غەزەلێکی سەعدیی خوێندەوە، فەقێکان ئافەرینیان کرد. شێخ سەعید تۆزێک بیری کردەوە و بە حەمەئاغای گوت: "ئەمە کارێکی باش نییە، چونکە خوێندن دوو مەبەستی هەیە، یەکەمیان بۆ کارە لە فەرمانگە حوکوومییەکاندا و دووەم بۆ فێربوونی ئایینە. ئەگەر مەبەستت دینە، ئەوە لە دیندا کچ ئیزنی پێ نەدراوە دین بخوێنێت، ئەگەر بۆ کاریشە، ئەوە کچ ئیزنی کاری پێ نەدراوە کاری حوکوومی بکات. دەی ئیتر بۆچی ئەم کچە دەرس بخوێنێت؟" حەمەئاغا خێرا گوتی: "حەزرەتی

شێخ! ئێمە نامانەوێ کچەکەمان ببێ بە مامۆستا یان بە وەزیر، ئێمە دەمانەوێت بەسەواد بێت!"[١٢]

مەستوورە لەبەر هۆش و زیرەکی و حەزی زۆری بۆ خوێندن و ئەدەب و کاریگەریی ئاستی ژیری و ڕۆشنبیریی خێزانەکەی، لەو ڕۆژگارەدا کە ژن قەدەغە بووە خەتی هەبێ ئەو بە خوێندنێکی سەرەتاییش قایل نەبووە و تێکۆشاوە زانست و وێژەی خۆی زۆرتر و فراوانتر بکات. زۆری پێ نەچوو مەستوورە هاتووەتە ڕیزی ئەدیبانی سەردەمی خۆی و بووە بە ناوێکی دیار لە شیعر و یەکەمین خانمە مێژوونووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

خوسرەوخانی ناکام، کوڕی ئەمانوڵلاخانی کوڕی خوسرەوخانی گەورە، ساڵی (١٨٠٥) لە دایک بووە[١٣]، ساڵی (١٨١٤-١٨١٥)[١٤] ئەو کاتەی تەمەنی خوسرەوخان نزیک بە (١٦) ساڵ دەبێ، ئەمانوڵلاخانی باوکی دەچێتە تاران و (حوسن جیهانخانم،) بیستویەکەمین کچی (فەتحعەلیشا)ی قاجار بۆ خوسرەوخانی کوڕی دەخوازێ و دوای دوو مانگ حوسن جیهانخانمی کچی شا لە خوسرەوخانی کوڕە بچووکی ئەمانوڵلاخان مارە دەکرێ و ناسناوی (والییە)ی پێ دەدرێ. ئەمانوڵلاخان دێتەوە سنە و ماوەی ساڵێک خۆی بۆ بووکگواستنەوەی خوسرەوخان ئامادە دەکا و لە ساڵی (١٨١٧)دا[١٥]، والی لەگەڵ کۆمەڵێک مەلا و پیاوماقووڵ و خاتوو جانخانمی خوشکی والییش بە کۆمەڵێک لە خاتوون و ژنی پیاوە گەورەکانەوە دێنە تاران و یەک مانگ بەزم دەگێڕن و هەرچی مەلا و موجتەهید و شازادە و کاربەدەست و باڵیۆزی دەوڵەتەکانی دەراوسێن، بانگ دەکرێن، زیاد لە دووسەت هەزار تمەن لەو بەزمەدا خەرج دەکرێت و بۆ مانگی

دواتر بووکیان بەرەو کوردستان هێناوە و هاتوونەوە سنە و بەزم و هەرا دامەزرایەوە و چەند ڕۆژان نەبڕایەوە[١٦]. لە ساڵی (١٨١٨-١٨١٩)دا کاتێک (حەمەحەسەنخان)ی کوڕە گەورەی ئەمانوڵڵاخان لە ئەمانوڵڵاخانی باوکی هەڵدەگەڕێتەوە و پیلانێک ڕێک دەخا تا سنە تالان بکات، لەگەڵ لەشکری باوکی (ئەمانوڵڵاخان) دەکەوێتە شەڕ و دوو-سێ کاتژمێر باوک و کوڕ شەڕ بەرانبەر یەک دەکەن و لە ئەنجامدا (حەمەحەسەنخان)ی کوڕی والی بریندار دەبێت و دەمرێت[١٧]. والی (ئەمانوڵڵاخان) لە تاوی ئەم زگسووتانە تووشی ئاواڵ-شێتییەک دەبێت و لە ساڵی (١٨٢١)دا تووشی نەخۆشی جەرگەڕەشە دەبێت و دوای سێ ساڵ [لە نەخۆشی] و لەپاش ٢٧ ساڵ حوکومڕانی ئەردەڵان، لە سەرەتای زستانی ساڵی (١٨٢٤)دا کۆچی دوایی دەکات[١٨]. خوسرەوخان لەو کاتەوەی کە ئەمانوڵڵاخانی باوکی نەخۆشیی تووش بووە، واتا لە ساڵی (١٨٢١)ـەوە بووە بە نایب، پاشان کە باوکی لە بەهاری ساڵی (١٨٢٤)دا کۆچی دوایی دەکات، دەبێت بە والیی سنە و جێگای باوکی دەگرێتەوە[١٩]. سەرەتای هاوینی ئەو ساڵەی کە ئەمانوڵڵاخانی باوکی خوسرەو و والیی پێشووی ئەردەڵان تێیدا مرد، خوسرەوخان و جیهانخانمی خێزانی خوسرەو کە دەکاتە کچی شای ئەو کاتەی ئێران -سکی پڕ بووە- دەچنە دیداری شا لە چەمەنی سوڵتانییە. لەوێ کوڕێکی دێتە دنیا و ناوی دەنێن (ئەمانوڵڵا) و ناسناوی (غوڵامشا)شی پێ دەدەن[٢٠]. خوسرەوخان کەسێکی شۆخ و خۆشمەشرەب بوو و شیعری زۆر جوانیشی دەهۆنییەوە و خۆشنووسێکی بەتواناش بوو و خەتی نەستەعلیقی جوان نووسیوە، لە دیوەخانی کۆشکیشدا هەفتانە کۆڕی شیعری بۆ شاعیرانی ئەو

سەردەمە ڕێک خستووە و ناسناوی شیعریی (ناکام)ی خستووەتە پاڵ خۆی. هەرچەندە خوسرەوخان خۆشنووسێکی بەتوانا و شاعیرێکی چاک بووە، بەڵام لە فەرمانڕەواییدا کەسێکی لێهاتوو نەبووە. مەستوورە کە کچێکی شۆخوشەنگ بووە و وردە وردە ناو و ناوبانگی لە سنە دەرکردووە، خوسرەوخان چاوی تێ بڕیوە و ویستوویەتی بیخوازێت، بەڵام مەستوورە ڕازی نەبووە بەوەی ببێت بە خێزانی خوسرەوخان و پێدەچێت دڵی بە پوورزای خۆی (حوسێن قولیخانی)یەوە بووبێت و تەنانەت ئەولەسەنبەگی باوکیشی ویستی لەسەر بووە کە کچە خۆشەویستەکەی خۆی (ماهشەرەف) لە حوسێن قولیخانیی خوشکەزا و پەروەردەکراوی بەردەستی خۆی و پوورزای مەستوورە مارە بکات، کە هاوتەمەنی مەستوورە بووە و خاوەن بەهرەیەکی ئەدەبییش بووە[٢١]. هەربۆیە خوسرەوخان بە بیانووی جۆراوجۆر و دروستکردنی تۆمەتی ناڕەوا، باپیر و باوک و مامەکان و پوورزای مەستوورە، حوسێن قولیخانی بەند دەکات، هەرچی سەروەت و سامانیشیان هەیە، لێیان داگیر دەکات، ئەشکەنجەیەکی زۆریان دەدات[٢٢] و مەرجی ئازادکردنیشیان بە لێسەندنی بڕی سی هەزار تمەن و مارەکردنی مەستوورە دادەنێت[٢٣].

خوسرەوخان بەو تۆمەتانەی بۆ ماڵباتی مەستوورە و حوسێن قولیخانیی پوورزای مەستوورە درووستی کردبوو، دەیویست لە لایەکەوە لە بنەماڵەی مەستوورە بدات و مەستوورە ناچار بکات کە ڕازی بێت بە مارەکردنەکەی و حوسێن قولیخانییش لە مەستوورە دوور بخاتەوە یا بیکوژێت[٢٤]. ساڵی (١٢٤٤ک) بەرانبەر بە (١٨٢٨-

ز١٨٢٩)[٢٥]، بە هاوسەرییتیی مەستوورە و خوسرەوخان کۆتایی بەو ناکۆکییە دێت کە لە نێوان ئەو دوو بنەماڵەیەدا (بنەماڵەی ئەمانوڵڵاخانی والی و بنەماڵەی بەگزادەکانی قادری-بنەماڵەی مەستوورەدا) درووست کرابوو و مەستوورەی تەمەن ٢٠ ساڵ دەبێتە خێزانی خوسرەوخان و دەچێتە حەرەمسەرای کۆشکی خوسرەو [٢٦].

دوای چەند ساڵێک و لە ساڵی (١٨٣٤)دا نەخۆشیی لاڕەشە (تاعوون) لە شاری سنە بڵاو دەبێتەوە، لەو کاتەدا خەڵک ڕادەکەن و ئەردەڵانییەکان لەترساندا پەرشوبڵاو دەبنەوە، خوسرەوخانیش لە دووریی هەزار پێ لە دەرەوەی سنە ڕەشماڵ هەڵدەدات[٢٧]. لە کۆتاییی مانگی قوربانی ساڵی ١٢٤٩ک[٢٨] کە بەرانبەرە بە ساڵی (١٨٣٤ز) خوسرەوخانی والی و مێردی مەستوورە تووشی نەخۆشیی جەرگ[٢٩] دەبێت، ڕەنگ و ڕواڵەتی زەرد دەبێت و لەنێو جێگادا دەکەوێت و ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبێت[٣٠]. مەستوورە دوو مانگ بەدیار نەخۆشییەکەی خوسرەوخانی مێردییەوە دادەنیشێت، چاودێریی دەکات و بە شەو و بەڕۆژ خەو لە چاوانی دەتۆرێت[٣٠]. بەڵام خوسرەوخان خراپ و خراپتر دەبێت، تا لە ڕۆژی پێنجشەممەی دووی مانگی مەولوودی ساڵی ١٢٥٠ک[٣١]، ٩-٧-١٨٣٤ز خوسرەوخانی ناکام، والیی ئەردەڵان و هاوسەری مەستوورە لە تەمەنی (٢٩)[٣٢] ساڵیدا پاش شەش ساڵ ژیانی هاوسەری لەگەڵ مەستوورەدا، دوای ئەوەی بۆ ماوەی (١٠) ساڵ فەرمانڕەوای ئەردەڵان بوو، کۆچی دوایی دەکات. لە هەموو لایەکەوە دەبێت بە شیوەن و گریان و قوڕپێوان و خوسرەوخانی

ناکام لە دوای خۆی (٣ کوڕ) و (٣ کچ) لە ژنی یەکەمی (جیهانخانم) بە جێ دەهێڵێت. دوای مردنی خوسرەوخان، کوڕە گەورەکەی، کە ناوی ڕەزا قولیخان بوو، دەبێت بە والیی ئەردەڵان، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەزا قولیخان تەمەنی تەنها دە ساڵ بوو، بۆیە دایکی (جیهانخانم) جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست[٣٣]. دوای شەش ساڵ ژیانی هاوسەرییتی سەرنەکەوتووی مەستوورەی دڵناسک و هەستیار لەگەڵ خوسرەوخانی والیی سیاسیکاری ئەو سەردەمەدا، بووە هۆی بێوەژن مانەوەی مەستوورە و ئیتر کۆڵەباری خەمی گرتە باوەش و هەر لەبەر خۆیەوە چەندان شیعری عاشقانەی هۆنییەوە.

دوای مردنی خوسرەوخان و دەستتێوەردانی قاجارەکان لە کاروباری حوکومڕانیی ئەردەڵان، شەڕ و ئاژاوەی زۆر لە سنە سەر هەڵدەدەن و بەشێک لەماڵباتەکان و خەڵکی سنە ئاوارە دەبن و سنە بە جێ دێڵن و ڕوو دەکەنە هەورامان کە مەستوورەی شاعیریش یەک لەو کەسانە دەبێت. لەو کاتەدا برای والی و حاکمی مەریوان بە چەند چەکدارێکەوە دەیەوێت ڕێ لە ئاوارەکان بگرێت و قۆڵبەستیان بکات، بەڵام بۆی ناچێتە سەر و ئاوارەکانی سنە دەگەنە (حەوشبارانی) و لە لایەن حەسەنسانی هەورامییەوە پێشوازییەکی باشیان لێ دەکرێت. شەوێک لە حەوشبارانی دەمێننەوە و بۆ بەیانییەکەی بە شاخاندا هەڵدەگەڕێن و دەکەونە ڕێ تا دەگەنە گوندێکی شارەزوور بە ناوی (سەرگەت) و لەوێ دەمێننەوە. حوسێن قولیخانی کە پوورزای مەستوورەیە و مەستوورە پێش شووکردنی بە خوسرەوخان دڵی پێیەوە بووە، هەر کە دەبیستێ

مەستوورە و کۆمەڵێک لە خزمەکانی گەیشتوونەتە شارەزوور، کۆمەڵێک ئەسپ بە پیاوەکانیدا دەنێریتە شارەزوور و بنەماڵەی مەستوورە کە نزیکی ١٠٠ ژن و ١٠٠ پیاو دەبوون دەیانگەیەنێتە سلەیمانی[٣٤]. مەستوورە دوای جێگیربوونی لە سلێمانیی پایتەختی میرنشینی باباندا، دەست دەکات بە نووسینی کتێبی (مێژووی کوردان-مێژووی ئەردەڵان) و لە سەرەتای کتێبەکەیدا دەنووسێت: "منی وا بێنرخ و هەژار مەستوورەناو، کیژی ئەبولحەسەنبەگ و نەوەی خوابەخشیو، حەمەئاغای کوردستانی، لەبەر ئەوەی باوکم زۆر حەزی لە خوێندن بووە و ئەمنیش کیژی نۆبەرەی بووم و خۆشی دەویستم، پێی خوێندم، زۆرم خوو دابووە سەر کتێب، هەموو جۆرە کتێبێکم دەخوێندەوە و لە ناویانا زۆر خۆشم لە مێژوو دەهات، تا ڕۆژێک چاوم کەوتە نووسراوەیەک سەبارەت بە کوردستان، هەرچەند زۆریشی تێک چووبوو، بەڵام هێشتا کەم و کورتەیەکی هەر مابوو، کەوتە سەرم ئەو مێژووی ئەردەڵانە تەکمیل بکەم، بە تایبەت کە خۆم نانخۆری ئەوانم و شانازی بە بەختم دەکەم کە وا ئێستاکە خزمیانم. بۆ ئەم کارەش ڕوانیومە زۆر کتێبان و پرسیاریشم لە پیرەپیاوان کردووە و ئەم مێژووەم لێ ساز داوە."[٣٥] مەستوورە هەموو تەمەنی خۆی بۆ نووسینەوەی ئەم کتێبە مێژووییەی تەرخان دەکات و لە سلێمانی دەست دەکات بە نووسینەوەی حوکومڕانیی حاکمانی ئەردەڵان، بەڵام مردن ئەو بەڵایەی کە هەمیشە بە دوای مرۆڤەوەیە بەرۆکی مەستوورەی مێژوونووس و فەقیە و شاعیر دەگرێت و ناهێڵێت کتێبی (مێژووی ئەردەڵان) بە کۆتا بگەیەنێت، تا دواجار مەستوورەی تەمەن (٤٢) ساڵ، لە ساڵی (١٨٤٧)دا[٣٦] بە نەخۆشی لە سلێمانی بەسەر

دواهەمین دێڕی کتێبەکەیەوە بۆ هەتا هەتایە چاوەکانی دادەخات و دەچێتە مێژووەوە. ئەمەش دوادێڕی مەستوورەیە لە کتێبی مێژووی ئەردەلاندا: (منی مەستوورەی لە ولاتی خۆم دوورەش، لە سوێی ئەو خۆشەویستییەی... ئەوا دوو-سێ ڕۆژە تام لێ دێن، با بزانین خوا چی بڕیار داوە!)(٣٧) مەستوورە بەسەر ئەم دوادێڕەیدا ئیدی چاو لێک دەنێت و کتێبی مێژووی ئەردەلان بە ناتەواوی بە جێ دێڵێت، هەرچەندە بەشی هەرەزۆری کتێبەکەی نووسیبوو، بەڵام ئەو کتێبە مێژووییەی تەواو ناکات کە دەستی داوەتێ. دوای مەرگی مەستوورە خانمی ئەردەلانی و ناشتنی لە گردی سەیوان، (میرزا عەبدوڵڵای مونشی) کە مامی مەستوورە و خاڵی حوسێن قولیخانی کوڕی ئەمانوڵڵاخانی گەورەیە، دەست بە تەواوکردنی کتێبەکە (مێژووی ئەردەلان) دەکات و وەک خۆی دەڵێت: (حوسێن قولیخان مرد، مەستوورەش نەخۆش کەوت و گواستییەوە بۆ باخچەی بەهەشت و بوو بە هاوسای حەزرەتی فاتیمە... من کە لە تاوی ئەم دوانە چاوبەگریان و جگەربریانم، هاتمە سەر ئەو خەیاڵەی کە پاشماوەی بەسەرهاتی والییە پایەبەرزەکان بنووسم.)

"ئەگەرچی مەستوورە نەخۆشە، بەڵام دەست لە نووسینەوەی کتێبی مێژووی کوردەکان -ئەردەلان- هەڵناگرێت. بەرەبەیان کە بانگ لە منارەی مزگەوتەکانەوە بەرز بووەوە، وەک ڕۆژانی پێشوو موناجاتی مەستوورە بە گوێی کەسدا نەهات. مەستوورە بۆ دواجار دەستی لە قەڵەمەکەی سارد بووەوە."(٣٨)

# پەیوەندی نالی و مەستوورە

له لاپەڕەکانی پێشوو و له ژیانی مەستوورەدا باسمان کرد که وا چۆن مەستووره به ڕێککەوتنێکی سیاسی و بنەماڵەیی دەدرێت به خوسرەوخانی ناکام، ئەگەرچی مەستووره لەم کاره ناڕازییه و دڵی به کەسێکی ترەوەیه که (حوسێن قولیخانی)یه. بەڵام دەمەوێت لێرەدا پرسیارێک بێنمه بەر باس: ئایا هیچ پیوەندییەک له نێوان مەلا خدری شارەزووری (نالی)ی شاعیر و مەستوورەدا هەبووه؟ بێ گومان ئەم پرسیاره پێویستی به لێکۆڵینەوەیەکی چڕتر و بەربڵاوتر هەیه لەوەی من به کورتی و خێرایی لێرەدا دەیخەمه ڕوو، ئەم بۆچوونانەی منیش که لێرەدا دەیانخەمه ڕوو، بۆچوونی کەسیی خۆمن و دەشکرێ به هەڵەدا بچم، ئەگەرچی پشتقاییمم به چەند لێکدانەوه و سەرچاوەیەک.

ئەوانەی ئاشناییان لەگەڵ شیعرەکانی نالیدا هەیه، بێ گومان سەرنجیان چووەته سەر قەسیدەی (مەستووره)ی نالی له دیوانەکەیدا. ئەم قەسیدەیەی نالی، بێ گومان لەو سەردەمەی خۆیدا نوێگەرییەک و ڕەچەشکێنییەکی بێوێنەیه له شیعری کلاسیکی کوردیدا به دەستبردن بۆ (ئیرۆتیکا) که تا ئەو کاته کەس بوێریی ئەوەی نەبووه قەڵەم لەم بوارەدا بجووڵێنێت و باسی ئەندامه سێکسییەکانی ژن بکات. سەبارەت به قەسیدەی (مەستووره)ی نالی، بیروبۆچوونی جیاواز هەیه، هەندێک له نووسەران پێیان وایه قەسیدەکه هی نالی نییه و هەندێکی تریش پێیان وایه نالی به چاوێکی خراپەوه ڕوانیویەته جەستەی ژن. لێرەدا هەوڵ دەدەم به خێرایی

تاووتوێی دوو پرسیار بکەم: ئایا ئەم قەسیدەیە هی نالییە؟ ئایا مەستوورە لە قەسیدەی نالیدا مەستوورەی ئەردەڵانییە؟

خوسرەوجاف پێی وایە کە ئەم قەسیدەیە هی نالی نییە و دراوەتە پاڵ نالی و بوختانێکی گەورەیە بە نالی کراوە. لە ڕۆمانی شازادە و شاعیردا پێمان دەڵێت: (لە مزگەوتی دارولئیحسانی سنە، مەلا مەقسوود-ناوێک مامۆستا و شاعیر بووە، وا فیکر دەکا کە نالی بە شیعرەکانی جێگای بەو لەق کردووە، بۆیە ئەم قەسیدەیەی نووسیوە و خستوویەتییە پاڵ نالی تا لە سنە دەربکرێت و ئابڕووی ببات.)[١] هەر لەم ڕۆمانەدا دەڵێت: (ئەم شیعرە لە مەلایەکی وەکوو نالی ناوەشێتەوە و ناکرێ نالی لە شیعرێکدا هەشت جار وشەی (قڵەشابێ)ی بە کار هێنابێ.)[٢] بە پێچەوانەوە ڕێبوار سیوەیلی پێی وایە شیعرەکە هی نالییە و بە (تیرۆری جەستە و نیگای حەرام)[٣] ناوی دەبات و پێی وایە هەنگاوی نالی لەو ئاستەدا هەنگاوێکی یاخییانەیە[٤].

پێویستە لە ئێستاوە ئاگەداری ئەوە بین کە (دەروون)ی نالی دەروونێکی پاک و بێگەردە، هەر بۆیە لەسەر ئاستی زمانیش شیرین خۆی بەیان دەکات، کە دواجار ئەم زمانشیرینییە دەبێتە بەڵگەیەک بە ڕووی ئەو تاوانانەدا کە دەشێ بۆ گوناهبارکردنی شاعیر خۆیان قوت بکەنەوە[٥]. نالی لە قەسیدەکەیدا خەونبینینێکی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بە مەستوورەناوێکەوە بینیویەتی، خەونەکە دوو بەشە، لە بەشی یەکەمدا نالی (٨ جار) لە کۆتاییی دێڕەکاندا وشەی (قڵەشابێ)ی بە کار هێناوە. خوسرەوجاف ئەمە وەک ڕەخنەیەک و

لاوازییەک لە قەسیدەکەدا دەبینێت، بەڵام با بزانین ئەمە لاوازیی قەسیدەکەیە یان خاسیەتێکی شیعریی نالییە؟!

نالی لە شیعری (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆشمروور)[٦]دا (٦ جار) وشەی (سوور)ی لە کۆتاییی نیوەدێڕی دووەمی بەیتەکاندا دووبارە کردووەتەوە، یان لە شیعری (هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر! تەیکەری هەوراز و لێژ)[٧]دا (٣ جار) وشەی (درێژ)ی لە کۆتاییی نیوەدێڕی دووەمی بەیتەکاندا بە واتای جیاواز بە کار هێناوە.

جگە لەمە بابەتی چەندجار-بەکارهێنانی وشە بە واتای جیاواز، نەک بە تەنها لە ڕووبەرێکی فراوانی شیعرێکدا، بەڵکوو زۆر جار لە نیوەدێڕی یەکەم و دووەمی بەیتێکدا، وشەیەک دوو جار لە لایەن نالییەوە بە کار هاتووە، وەک ئەم نموونەیە:

(ساقی قەدەحی <u>گەردشی</u> گەردوون دەشکێنێ

باری، کە دە بێ موعتەقیدی <u>گەردشی</u> ئەو بە!)[٨]

تەنانەت جاری وا هەیە نالی لە نیوەدێڕێکدا دوو جار هەمان وشەی بە کار هێناوە، بۆ نموونە لە قەسیدەی مەستوورەدا:

(ئایینە بە مایینە دەبێ ڕەنگنوما بێ

<u>مەستوورە</u> بە<u>مەستوورە</u> دەبێ موهرەگوشا بێ)[٩]

مەستوورەی یەکەم ئاماژەیە بۆ ناوی ئافرەتێک و مەستوورەی دووەم بە واتای (داپۆشراو یان مەست) دێت.

بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم چەندجار-بەکارهێنانەی وشەیە خاسیەتێکی شیعرەکانی نالییە، نەک خاڵێکی نەرێنیی شیعرەکانی، بەڵکوو خاڵێکی گرنگە و شارەزایی و توانای نالیمان نیشان دەدات لە چەند واتادانێک بە وشەیەکەوە. مەسعوود محەمەدیش لە هەمبەر ئەو خاسیەتە بەهێزەی نالیدا دەڵێت: (یەکێک لە تایبەتییە هەرەبەرچاو و ڕەسەن و ڕەگداکوتاوەکانی نالی ئەوەیە کە وەک ساحیر لە کەوانەی یەک وشەوە چەند تیری واتا دەهاوێژێ، هەریەک لەو تیرانەش ئامانجی سەربەخۆی خۆی هەیە لە هەڵبەستدا.)(١٠)

بە سەرنجدان لە وشەی (قڵەشابێ) لە قەسیدەکەی (مەستوورە)ی نالیدا، دەردەکەوێ کە ئەم وشەیە هەر جارێک بەکارهێنانی مەبەستە بۆ ئاماژەدان بە خەت یان قڵیشی ئەندامێکی جەستەی نالی و مەستوورە، تەنانەت (٥ جار) وەک پرسیار بە کار هاتووە، وەک گوتیشم هەرجارە بۆ دەستنیشانکردنی ئەندامێکی جەستە بە کار هاتووە وەک (ئەندامی نێرینەی نالی، ئەندامی مێینەی مەستوورە، گۆی مەمک، خەتی مەمک، خەتی نێوان ڕان، ناوک و هتد...)

لێرەدا چەند بنەمایەک دەخەمە ڕوو کە نەهێڵێ تێکەڵاوبوونی شیعری شاعیران ببێتە خەتەری بێسەروشوێنی و نەناسرانەوەیان، هەوڵ دەدەم قەسیدەکەی (مەستوورە) بخەمە ڕوو و نیشانی بدەم لەسەر چ بنەمایەک پێم وایە کە ئەم قەسیدەیە هی نالییە.

١- زۆربەی شیعرەکان لەکاتی دانانیاندا بە ناوی خاوەنەکانیانەوە تۆمار کراون و لە نێوان خەڵکدا بۆ ئەو ساغ بوونەتەوە، کە ئەمە شتێکە وەک قەڵغان وایە بۆ پاراستنی خاوەندارێتیی شیعرەکە.

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم لە لیکولینەوە و لێکدانەوەی دیوانی نالیدا لەسەر قەسیدەی مەستوورە، پێیان وایە لە هەموو ئەو نوسخە و دەستنووسانەدا کە بەوان گەیشتووە، ئەم قەسیدەیە بە ناوی نالییەوە تۆمار کراوە. تەنها گومانیان لە بەیتێک هەیە درابێتە پاڵ شیعرەکەی نالی، کە لە هەموو بەیتەکانی تر بێپەردەترە:

(کێ بێ لە جیهاندا چ گەدا بێت و چ شا بێ،

تەرکێکی وەها ناسک و پڕلەززەتی گابێ؟!)[11]

جگە لەمە بەشێکی باشی شیعری کلاسیک لە سەردەمی خۆیەوە دەم بە دەم هاتووە و ڕووداوەکانی گێڕراوەتەوە کە ئەمەش بەڵگەیەکی بچووکی خاوەنداریەتیی نالیمان لە قەسیدەکەدا بە دەستەوە دەدا، وەک ئەم قسەیەی لە دیوانی نالیدا هاتووە کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس لە مامۆستا شێخ بابەڕەسووڵی عەبابەیلێی گێڕاوەتەوە: (نالی لە سنە لە مزگەوتی دارولئیحسان خوێندوویەتی و ئەو ڕۆژەی ئەم قەسیدەیەی تەواو کردووە، بۆ شەو سنەی بە جێ هێشتووە.)

٢- بە عادەت ناسناوێک لە کۆتاییی شیعردا وەک تاپۆی خانوو، شێوەکە بۆ دانەرەکەی دەپارێزێ. (نالی، مەحوی، کوردی، سالم و هتد...)

لە قەسیدەی (مەستوورە)شدا شاعیر لە بەیتی (٤٧)دا ناسناوی خۆی داناوە، کە ئەمیش مەلا خدری شارەزووری (نالی)یە.

(*نالی!* وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ،

ڕووڕەش مەکە پێی سەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ!)[١٢]

٣- بوونی نیشانەیەک لە شیعردا بۆ ناسینەوەی شاعیر، وەک کە (قادر) مەدحکراوی ناو شیعر بێ، شیعرەکە بۆ (کوردی) ساغ دەکاتەوە، یان (حەبیبە) کە نالیی پێ دەناسرێتەوە.

من نامەوێت لێرەدا زۆر قسە لە سەر نیشانە بکەم لە لای نالی و بەکارهێنانی (حەبیبە) وەک ڕەمزێک بۆ مەعشووقەکەی، لە بەشی دواتردا (مەستوورە لە قەسیدەی نالیدا) زیاتر لەو (حەبیبە)یەی نالی دەدوێم. تەنها دەمەوێ لێرەدا سەرنجێکی کورت بخەمە ڕوو، ئەویش بۆچوونی ئەوەی کە دەکرێ ناسناوی (حەبیبە) لەم قەسیدەیەدا گۆڕرابێت بۆ هەمان ئاواز (مەستوورە،) یا ئەو بڕوایەم کە سەرەتای سۆزداریی نالی لە (مەستوورە)وە سەری هەڵداوە و دواتر گۆڕراوە بۆ (حەبیبە.) دەکرێ بشڵێین ئەم قەسیدەیە لەم شیعرە سەرەتاییانەی نالییە کە هێشتا (حەبیبە) دروست نەبووە لە شیعری نالیدا، چونکە سەراپای شیعرەکانی نالی، (حەبیبە)ی تێدا نییە، تەنها لەو شیعرانەدا نەبێت کە باسی عەشقی مەجازییە. قەسیدەی مەستوورە قۆناغێکی جیاوازتری شیعری نالییە. لە قەسیدەکەدا (٢ جار) وشەی (مەستوورە) وەکوو ئاماژەدان بۆ ناوی ئافرەتێک هاتووە.

٤- زۆر جاران لەهجەی شیعرەکە ئاسانتر ناوچەی شاعیرمان نیشان دەدات و دەتوانین بە ڕوانین لە شێوەزاری شیعرەکە بزانین شاعیر خەڵکی کوێیە.

له قەسیدەی مەستوورەدا چەند نموونەیەکتان نیشان دەدەم کە دەری دەخات شاعیر خەڵکی ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری سلێمانییە. بۆ نموونە بەشێک لەم وشانەی کە لە شیعرەکەدا بە کار هاتوون وەکوو (خوێن، نەختێک، نابێ، ئەدا، هەڵستێ، هەبێ و هتد...) یان ئەم دوو نیوەدێڕە کە لە قەسیدەکەدا هەن:

(ئەم ساحێبی تەشریحە دەبێ هەیئەتی چا بێ)

وشەی (چا) بە واتای (چاک) یان (باش) دێت و وشەیەکە لە ناوچەی سلێمانی و دەورووبەری بە کار دەبرێت.

(سیمین مەمکێکی هەکە تازە هەڵیدابێ)

وشەی (هەکە) بە واتای (کە) دێت و وشەیەکە لە زاری (گۆرانی)دا گۆ دەکرێت.

٥- خاسیەتی شیعری شاعیر و تایبەتمەندییەکانی.

بۆ نموونە شیعری نالی بەوە دەناسرێتەوە کە لە وشەیەکدا چەند مانایەک بەیان دەکات و چەند مەبەستێک بە دەستەوە دەدات، ئەمەش لە سەرەتادا باسمان کرد و بە پێویستی نازانم دووبارەی بکەمەوە. لە قەسیدەی مەستوورەشدا ئەم خاسیەتە کەموێنەیەی نالی زۆر بەر چاو دەکەوێت.

## مەستووره لە قەسیدەی نالیدا

هەموو ئەو بەڵگانەی لە بەردەستدان، پێمان دەڵێن کە نالی لە سەردەمی گەنجێتییەوە، ئەو کاتەی لە سنە بووە، قەسیدەی مەستوورەی نووسیوە، ئەوەتا محەمەدی مەلا کەریم دەڵێت: (قەسیدە درێژەکەیشی باسی خەوبینینەکەی خۆی بە مەستوورەی ئەردەڵانەوە تیا ئەکا، دیارە لە سنە وتوویەتی، چونکە بابەتەکەی دیارە بابەتی سەردەمی لاویەتییە.)[١٣] لای هەموان ڕوون و ئاشکرایە کە مەستووره و نالی هاوچەرخ بوونە. لە سەرەتای ئەم کتێبەدا لە بەشی (ژیانی مەستووره)دا ڕوونمان کردەوە کە مەستووره لە ساڵی (١٨٠٥)دا لە دایک بووە[١٤]. بە پێی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیی مامۆستا عەلائەددینی سەججادی بێت، نالی لە ساڵی (١٧٩٧)دا لە دایک بووە[١٥]. ئەگەرچی مامۆستا مەسعوود محەمەد پێی وایە (ئەم ساڵە هیچ بەڵگە و ئیسپاتێکی نییە و دەکرێ ڕاست بێت و دەشکرێ ڕاست نەبێ.)[١٦] بە هەرحاڵ ئێمە کارمان بە درووستی و نادرووستی ساڵەکە نییە، دەمانەوێ کاتی خەوبینینەکەی نالی بزانین، ئایا نالی ئەو کاتەی ئەم قەسیدەیەی نووسیوە، گەنج بووە یان پیر؟

زۆربەی ئەو وشە و تەعبیرانەی لە شیعرەکەدا بە کار هاتوون، ئەوە دەگەیەنن کە مەستووره لەو کاتەدا کە نالی لە خەونەکەیدا دیویەتی، شووی نەکردبێ، وەکوو ئەمانە: (عوقدەم هەیە، هی تۆم، بیکر، میسلی سوهابێ و نەسوابێ، نەقوپابێ، ئاوی نەدرابێ، تەلیسمی نەشکابێ، هتد...) مامۆستا مەسعوود محەمەدیش لە کتێبی (چەپکێک لە گوڵزاری نالی)دا دەڵێت:

"مێژووی ژیانی مەستوورە دەخلیکی تەرجیح وە یا گوماناویکردنی ساڵەکەی ١٧٩٧ی دەفامرێتەوە، بە تایبەتی کە دەزانین هەندیک لە بەیتەکانی ئەو قەسیدە بێپەردەیە وا ڕادەگەیەنن لەکاتی هەڵبەستنیاندا هێشتا مەستوورە شووی نەکردبێ، وەک کە دەڵێ:

(دەعوای ئومەرا چەندی لەسەر تەختی کرابێ

چەند خوێنی ڕژابێت و چ خوێنی نەڕژابێ)"

خوێنی یەکەم هی عوزری مانگانەی ئافرەتانە و خوێنی دووەم هی کچێنییە.(١٧)

لە سەرەتای ئەم کتێبە لە بەشی (لە ئەردەڵانەوە بۆ میرنشینی بابان)دا گوتمان مەستوورە لە ساڵی (١٢٤٤ک) واتا (١٨٢٨-١٨٢٩) و لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا دەبێتە خێزانی خوسرەوخانی ناکام(١٨)، کە واتە ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێت کە مەستوورە لە خەونەکەی نالیدا هێشتا شووی نەکردبێت و ئەم ساڵەی مامۆستا عەلائەددینی سەججادی نزیک بێت لە ڕاستییەوە کە نالی لە (١٧٩٧)دا لە دایک بووبێت، ئەوا بەو سەرەنجامە دەگەین کە نالی لە گەنجیدا ئەم قەسیدەیەی نووسیوە و ئەو کاتە تەمەنی لە نێوان ( ٢٥ بۆ ٣٠) ساڵدا بووە.

بێ گومان بۆ گەنجێک لەو تەمەنەدا ڕێی تێ دەچێ بڵێین شۆخوشەنگیی مەستوورەخانم کاری لە نالی کردووە و نالی لە سنە (لەو تەمەنەدا) کەوتووەتە داوی خۆشەویستیی (مەستوورە)وە، خوسرەوجافیش لە ڕۆمانی (شازادە و شاعیر)دا نکوڵیی لەو خۆشەویستییەی نالی بەرانبەر بە مەستوورە نەکردووە(١٩).

(بەلێ، نالی مەستوورەی ئەردەڵانیی خۆش ویستووە.) من ئەم دیدە جەریئانەیەی خۆم لێرەدا دەردەبڕم. نووسەر ئازادە لەوەی بیروباوەڕ و ڕوانینی خۆی دەرببڕێت، ئەگەرچی لەگەڵ بۆچوونی نووسەرانی پێش خۆیشیدا ناکۆک بێت. هەموو ئەو نووسەرانەی تا ئێستا لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان بۆ ژیان و شیعرەکانی نالی کردووە، نەیانتوانیوە بڵێن (حەبیبە)ی نالی کێ بووە، بەڵام من هەوڵ دەدەم لێرەدا بە کورتی ئەم (حەبیبە)یەی نالی نیشان بدەم کە بە بڕوای من (مەستوورەی ئەردەڵانی)یە.

ئەوەی بۆ هەموو نیگایێک ڕوون دەردەکەوێت لە هەڵبەستەکانی نالیدا، زێدە بەرچاوبوونی دوو شادەماری یەکجار بنجی و ڕەگداکوتاوی (عیشق و ئایین)ە، کە بێ گومان لە بەراییی هەموو بەشەکانی تری ناوەڕۆکی دیوانەکەیەوە دێن. شادەماری عیشق لە شیعری نالیدا بە پێی گوتەی دەماودەم -کە بەشێکی بەرچاوی شیعرەکانیش پشتگیری لێ دەکەن- لە سەردەمی خوێندنی فەقێیانەیەوە، تێکەڵ بە هەڵبەستی نالی بووە.[20] کە واتە دەشێ بڵێین نالی دوای چوونی بۆ سنە و ئاشنابوون بە مەستوورە، عەشق دەبێتە بەشێکی شادەماری شیعرەکانی. من وای بۆ دەچم لەپێش قەسیدەی مەستوورەشەوە نالی شیعری بۆ خۆشەویستەکەی (مەستوورە) هۆنیبێتەوە، بۆ نموونە شیعری (سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خزرە، نیوەهەودایە) کە مامۆستا مەسعوود محەمەد پێی وایە شیعرەکە هی کاتی گەنجییتیی نالییە و لەگەڵ قەسیدەی مەستوورەدا هاوچەرخن.

(نالی لەم هەڵبەستەدا پاتەوپات بزۆزییێکی دلدارانەی کاتی گەنجایەتیی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. لە تاریکاییی شەودا پارێزی بردووە بۆ بالینی خۆشەویستەکەی و گەیشتووەتە تەنیشت و ڕۆخی، تا ئەو ڕادەیە هەناسەی زوڵفەکەی لاداوە لەسەر ڕووی.)[٢١] یا کە دواتر دەڵێت: (وا دەزانم لە ڕووی تەمەنەوە، ئەم برە شیعرە و هێرشەکەی سەر مەستوورە هاوچەرخ بن. گوتەی بەرامبەر مەستوورە و کردەوەی ناو ئەم بەیتانە لە تەمەنی گەنجایەتی دەوەشێنەوە، گەنجایەتییش جارێکە و نابێ بە دوو.)[٢٢]

سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خزرە، نیوەهەودایە

چ هەودایە! کە هەر حەڵقەت دووسەد زنجیری سەودایە

برۆت تیغێکە، وسمەی سەیقەل و مەسلوول و مووکارە

کە عیشوەی جەوهەر، ڕەمز و ئیشارەی ئاوی مەودایە

بە نەشئەی سستی و مەستی وەها مەستوور و مەخموورە

نزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە

لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ (فنا فی النور)ی ئیمانە

مەڵێن زوڵمەت خراپە. وەسڵی پەروانە لە شەودایە

هەناسەم زوڵفەکەی لادا و(و) مەیلێکی نەکرد چاوی

نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابورد و نەرگس هەر لە خەودایە

له دووری تۆیه ئەی خورشیدی پرتەوبەخشی شەوگەردان!

کە (نالی) وا له حالاتی میحاقی ماهی نەودایە[٢٣]

من وای بۆ دەچم که (خورشیدی پرتەوبەخشی شەوگەردان) مەبەستی ناوی مەستوورە بێ کە (ماهشەرەف)ـە و وشەی (خورشید) و (پرتەوبەخش)ی بە کار هێناوە وەک ڕەمزێک بۆ یارەکەی، کە مەبەست لێی وشەی (ماهـ)ی ناوی مەستوورەیە و لە دڵ (فنا فی النور)یشدا هەمان مەبەستی هەبووە. مەولەوییش لە شیعرێکدا بە مەبەستی پیاهەڵدانی (مەستوورە) وشەی (خورشید)ی بە کار هێناوە، ئەگەرچی هەندێک پێیان وایە مەولەوی ئەم شیعرەی بۆ (شێخ عەزیزی جانەوەرە) نووسیوە، بەڵام سەرلەبەری شیعرەکە باسی ئاسمان و ڕووناکی و مانگە و زیاتر پێم وایە دانەپاڵ مەستوورە ڕاسترە:

(ستارەی تاڵەی مەینەت گازەکەم

خورشیدەکەی ئەوج بورجی نازەکەم

ها نە گۆشەی ئەوج خانەی شەرەفدا

نوور ئەفشانیشەن وە هەر تەرەفدا)[٢٤]

بە هەرحاڵ وا پێدەچێت عیشق نەخشەکێشیکی دەستڕۆیشتوو بووبێت لە ژیانی نالیدا. نەخشەکێشانەکەشی هەر بەوەندەوە نەوەستاوە کە شیعری عاشقانەی پێ هەڵبەستووە، تا سەردەمی مەرگی. من وا دەزانم (عیشق و نامرادی) ئەو فەرتەنەیە بووە کە نەیهێشت نالی بەسەر شتێکەوە بوەستێتەوە، یا بە شوێنێکەوە

بگیرسێتەوە کە ماڵ و حاڵێکی تێدا پێکەوە بنێت، یان گوزەرانێک تەئمین بکات[٢٥]. ڕازیبوونی باوکی مەستوورە بەوەی مەستوورە بدات بە خوسرەوخانی ناکام، تەواو نالیی بێ ئومێد دەکات لە گەیشتن بە (حەبیبە)کەی و پێم وایە هەر ئەوەشە هۆکاری بەجێهێشتنی سنە و دوورکەوتنەوە لە خاکی ئەردەڵان و بابانەکان و نەگەڕانەوەی بۆ کوردستان. تەنها ئەگەرێک کە من بۆی دەچم ئەوەیە کە شووکردنەکەی مەستوورە وا دەکات نالی لە شیعرەکانیدا ناوی خۆشەویستەکەی (مەستوورە) نەبات، وەک لەوەی لە قەسیدەی (مەستوورە)دا ناوی هێناوە، چونکە لەمەودوا خۆشەویستەکەی خاوەنی ماڵ و مێردی خۆیەتی و نایەوێت خۆی و مەستوورەش تووشی کێشە و ئابڕووچوون بکات، لەمەودوا نالی ناوی مەعشووقەکەی دەشارێتەوە و لە هەموو شیعرەکانیدا (حەبیبە)ی بۆ بە کار دێنێت.

لە دیوانی نالیدا لە گەلێک شوێن ناوی (حەبیبە) هاتووە و نالی وتووێژی ئاگرینی عیشقی لەگەڵدا دەکات. سەرجەمیشیان یەک ئاهەنگ و یەک دەنگ، هەبوونی مەعشووقێکی ڕاستەقینە ڕادەگەیەنن. مەسعوود محەمەدیش لە کتێبی چەپکێک لە گوڵزاری نالیدا دەڵێت: "غەزەلی *ماتەم وەکوو زولفەینی سیەھ* بە تەنها خۆی بەسە بۆ سەلماندنی ئەو هەبوونی مەعشووقەی باوک مردوو، یەکێک بیەوێ بە وردی ئەو غەزەلانەی ڕووی قسەیان لە حەبیبەیە بە یەکتر بگرێ، بە ئاشکرایی تارمایی یەک تاکە کچیان تێدا دەبینێت کە هەر خۆیەتی هەموو جارێک لە هەڵبەستدا جیلوە دەبەستێ." نالی خۆی لە ڕێگای شیعرەکانییەوە و لەسەر زاری حەبیبەوە تێمان

دەگەیەنێ کە یارەکەی مردنی باوکی خۆی بە ئاوات خواستووە، چونکی باوکی مەستوورە ڕازی دەبێت کە خوسرەوخانی ناکام مەستوورە بخوازێت و مەستوورەش بەم کارە ڕازی نییە، بەڵام دەبێ بشڵێین مەستوورە بیری بە لای نالیدا نەڕۆیشتووە و ئەو کەسێکی تری خۆش ویستووە کە (حوسێن قولیخانی)یە و عەشقەکەی نالی عەشقێکی یەکلایەنەیە بۆ مەستوورە و نالی بەو خۆشەویستییەی مەستوورەی نەزانیوە بۆ حوسێن قولیخانی.

نالی شیکایەتی بێمەیلیی مەعشووقەکەی دەکات و دەڵێت:

(ئاخ لەگەڵ ئێمە حەبیبە سەری پەیوەندی نییە

نەیشەکەر قەددە، بەڵابەندی هەیە، قەندی نییە)

نالی هۆکاری بەیەکنەگەیشتنی خۆی بە مەعشووقەکەیەوە دەبەستێتەوە بە باوکی مەحبووبەوە:

(بەس گریە بکە بۆ پدەر و بابی حیجابت

بێبابیی تۆ مووریسە بۆ وەسڵ و مولاقات!

بێبابیی تۆ بۆ من و تۆ بابی فوتووحە

بێبابیی تۆ خواستەیی من بوو بە ئاوات)[٢٦]

بەڵگەگەلێکی زۆر هەن لە شیعرەکانی نالیدا، دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە نالی ئارەزووی تێکەڵبوونی لەگەڵ مەعشووقەکەی خۆیدا هەیە و بەشێکی زۆری عەشقەکەی نالی لە تێکەڵبوون لەگەڵ جەستەی مەعشووقدا بەرجەستە دەبێت؛ وەک لەم دێڕە شعرەیدا داوا لە مەعشووقەکەی دەکات بهێڵێت ماچی بکات و نالی لە بەرامبەر ماچەکەیدا ئامادەیە ڕۆحی خۆی پێ ببەخشێت، چونکە ماچی مەعشووقەکەی یەکێکە لە خەونەکانی نالی:

(وەفای عەهدە، لە من ڕۆح و لە تۆ ماچ

چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم؟!)

یا لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

(ئاوی کەوثەر نۆشی سۆفی بێ کە من

ئاوی ئینسان، یەعنی ماچی دەم دەخۆم)

ئەم دێڕە بەسە بۆ ئاشکراکردنی حەزی سێکسییانەی نالی بۆ مەعشووقەکەی، ئاوی ئینسان ئاماژەیە بۆ ئەم حەزی تێکەڵبوونەی جەستەی مەعشووقەکەی، نالی پێی وایە هەموو خۆشییەکان بەهەشت ناکاتە ماچێک و ئاوێزانبوون لەگەڵ مەعشووقدا، ئەم ئاوێزانبوونەش تاکە چێژ و بەختەوەریی مرۆڤە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم، ئێمە کاتێک خەون بە کەسێکەوە دەبینین کە لە ژیانی ڕاستیدا بە چاوی سەر ئەو کەسەمان دیبێت، ئەگینا لە

خەوەکەماندا ئەو کەسە ناناسینەوە، ئەمەش دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە نالی لە سنە مەستوورەی دیوە و ئەو کەسەی هاتوتە خەونی نالی، مەستوورەی ئەردەڵانییە. ئاشکراشە کە پێوەندیی سێکسیی نێوان دوو کەس دەبێ هەر هەڵقووڵاوی هەست و سۆزێک بێت و خاڵی نەبێت لە بوونی خۆشەویستی. بێ گومان دەکرێ بڵێین نالی مەستوورەی خۆش ویستووە و حەزی ئەو تێکەڵبوونەی بە ڕادەیەک بووە بۆ خۆشەویستەکەی کە بتوانێ خەوێکی ئاوا لەززەتبەخشی پێوە ببینێ. ئەگەرچی هەندێ کەس پارچە شیعرێک وەک وەڵامی مەستووره لە بەرانبەر قەسیدەکەی نالیدا ئەژمار دەکەن، بەڵام هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کە بیسەلمێنێت ئەم شیعرە مەستوورە نووسیویەتی، خۆ ئەگەر مەستوورەش وەڵامی نالیی دابێتەوە، مافی خۆیەتی، خۆشەویستییەکەی نالی تاکلایەنە بووە و مەستوورە هەر پێشی نەزانیوە، تەنانەت مەستوورە گیرۆدەی خۆشەویستیی کەسێکی تریش بووە،(٢٧) (عەبدوڵڵابەگی میسباحوددیوان، ئەدەب)ی شاعیریش شیعرێکی پێنجخشتەکیی درێژی هەیە کە شوێنپێی هەڵگری قەسیدەی مەستوورەی نالییە(٢٨)، بەڵام هیچ ڕەخنەیەکی ئاڕاستە نەکراوە و تۆمەتی خراپی نەدراوەتە پاڵ بەراورد بەو تۆمەتە ناڕەوایانەی دراونەتە پاڵ نالی لە نووسینی قەسیدەی مەستوورەدا. هەرچەندە نالی لە قەسیدەکەشدا وشەی خەون بە کار دێنێت و پێمان دەڵێت ئەمە خەوێکە، وەک ڕێبوار سیوەیلی لە (کتێبی نالی)دا دەڵێت: (لێرەدا خەون ئازادییەک بۆ دووان و قسەکردن لەسەر تابۆکان دەهێنێتە ئاراوە و چەکێکە بە دەستی قسەکەرەوە تا بە بێ شەرم و حسێب بۆ کردنی مەسەلە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا، بەیانی حاڵی خۆی بکات، چونکە لە زەینی

کۆمەڵدا خەونبینین لە ئیرادەی فەردیی مرۆڤ بەدەرە، هەر بۆیەشە فەرد لەسەر ناوەڕۆکی خەونەکانی دووچاری ئەشکەنجە نابێت.)[٢٩] هەرچەندە نالییش خۆی لە قەسیدەکەدا دەڵێت:

(*نالی*! وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ

ڕووڕەش مەکە پێی سەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ

تەحریری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حیسابێ،

دەروێش و گەدا، شاهـ و دەبێ شاهـ گەدا بێ

وا چاکە خەیاڵ و خەوت ئەسراری هودا بێ

نەک بەحسی سروور و عالەم و بادی هەوا بێ...)

بەڵام هێشتا ئەم شیعرەی نالی قسە و باسوخواسی زۆری لەسەرە و کۆمەڵگای کوردی ئامادە نییە قبووڵی بکات چ جایِ شانازیی بەوەوە بکات ئێمە دووسەدە زیاتر پێش ئێستا دەستمان بە هونەری ئیرۆتیکا و هەجوو گەیشتووە و خاوەن ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندین. قەسیدەی مەستوورە نموونەی دەنگی ئازادیی مرۆڤی کوردە لە ئەدەبیاتدا، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ئازادیی زمانەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بکرێت، بێ گومان دەبێت ئاماژە بەو قەسیدەیەی نالی بکرێت، چونکە ئازادیی زمان لەو قەسیدەیەدا لە لووتکەدایە.

# دەقی قەسیدەی مەستوورە

به لێكدانەوەی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس

سەرەتا:

(گێڕەرەوە-ڕاوی)

(١)

(مەستوورە کە حەسناوو ئەدیبە بە حیسابێ

هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ!)

مەستوورە کە بە ئافرەتێکی جوان و ئەدیبی دائەنێن، ئەمشەو هاتە خەوم، بەڵام چۆن نازێکی بەسەردا ئەکردم و چۆن بە گلەیی و لۆمە بوو لێم!

(٢)

(هاتووم، وتی، عوقدەم هەیە، قەت مومکینە وابێ؟

هی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ)

لە خەوما هاتە لام و وتی گرێ و ئاڵۆزییەکم هەیە، ئاخۆ لە توانادا هەیە چار بکرێ و بکرێتەوە، یا ئاخۆ ڕەوایە هەروا بە چارنەکراوی بمێنێتەوە؟! ئەگەر تۆ بتوانی ئەم پرسیارەم بۆ یەکاڵا بکەیتەوە و ئەگەر بشێ ئەم گرێیەم بە وەڵامێ بۆ چار بکرێ کە ڕاستەوخۆ جێی خۆی بگرێ، یا ئەگەر بێت ئەم داوایەم جێبەجێ بکەی ئەبم بە هی تۆ.

(بەشی یەکەمی خەونەکە)

(٣)

(هەر مەسئەلە بیکرێ کە بە تۆ شەرحی کرابێ
مومکین نییە کەس دەخلی بکا چین و خەتا بێ)

وەرە تۆ چاری ئەم مەسەلەیە بکە و لێکی بدەرەوە، چونکە هەر مەسەلەیەکی کەس ڕێ-پێنەبردوو کە تۆ بە زیرەکی و توانای خۆت لێکت دابێتەوە، با وڵاتی چین و خەتا و خوتەنیش هەڵسێ و هێرش بێنێ، کەس ناتوانێ توخنی بکەوێ و خۆی لە قەرەی بدا.

(٤)

(ئایینە بە مایینە دەبێ ڕەنگنوما بێ
(مەستوورە بەمەستوورە دەبێ موهرەگوشا بێ)

ئەبێ ئاوێنەکەی مەستوورەخانم بە شتێکی ئاواوی و وەک ئاو پاک بکرێتەوە تا ڕەنگ بداتەوە و سەرقاپی مەستوورە خۆیشی بەم شتە ئەستوورە یا بەم شتە شاراوەیەی نالی بکرێتەوە.

(٥)

(نوکتێکی زەریفە بە نەسیبی زورەفا بێ
تەعریفی دەکەم، بەڵکوو لە بۆ دەرد شیفا بێ)

ئەو پرسیارە ئاڵۆزە، یا ئەو داوایە بابەت یا شتێکی زۆر خۆش و باشە، خوا بە نسیبی باشانی کا! بۆتی باس ئەکەم و لێکی ئەدەمەوە، بەڵکوو ببێ بە دەرمانی دەرد!

(٦)

(ئەم سیڕڕە چییە میسلی سوها بێ، نەسوابێ،

دوڕڕێ کە وەکوو دوڕڕی سەما بێ، نەسمابێ؟!)

ئەو شتە نهێنییە چییە کە وەک ئەستێرەی سوها ون و نادیارە و لەبەر ئەوەش ون و نادیاریی نییە کە سواوە و فەوتاوە، نەسواوە، هێشتا ساغ و تازەیە... دوڕێکی پڕشنگدارە لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمان ئەچێ و هێشتا نەشسمراوە. مەبەستی لەوەیە دوڕ کاتێک پڕشنگ ئەداتەوە بسمرێ و بکرێتە مل یا بکرێ بە گوارە.

(٧)

(دوککانی توحەف، کانی حەیا، کانیی بەقا بێ

قوببەی لە قیبابی نوقەبا بێ، نەقوپابێ)

ئەو شتە چییە کە وەک دووکانی عەنتیکە نایاب و گرانبەهایە و کانی شەرم و شکۆ و حەیا و کانیی ژیانە، چونکە مناڵ لەوێوە دەرئەچێ و سەرچاوەی ئاوی زیندەگانییە و لووتکەکەی لە گومەزی خاسانی خوا ئەچێ، ئەوەندە بەرز و پیرۆز و دەست-پێنەگەیشتووە و کەس پێی پیا نەناوە تا بقوپێ.

(٨)

(وەک خەیمە بە پەردێکی دوو ئەستوونە بە پا بێ

سەر تیلەکی نەختێ بە نەزاکەت قڵەشابێ)

ئەو شتە وەک دەواری دوو هەسوون وابێ (هەسوونەکانی هەردوو ڕانی مەستوورە خۆینی) کە لای سەرتیلەکەیەوە بە ئاستەم درزی تێ بووبێ.

(٩)

(وەک هیممەتی سۆفی کە لەنێو خەڵوە خزابێ

مەستوورە و عەزیزی شەرەف و ڕیفعەت و جا بێ)

ئەو شتە وەک هیممەت و بەرەکەت و لێهاتنی سۆفی وابێ کە خۆی خزاندبێتە کونی خەڵوەتخانە و کەس نەیبینیبێ و بە هۆی شەرەف و پایەی بەرز و شان و شکۆیەوە کەس نەتوانێ دەستی بۆ بەرێ و لە بەرچاو نەبێ.

(١٠)

(یا کۆمەڵە زیوی بوخەلا دوور لە سەخا بێ

موغلەق بە بەخیلی، بە مەسەل مشتی مەلا بێ)

ئەو شتە چییە کە ئەڵێی کۆمەڵە زیوی بنیادەمی پارەپیسە کە هیچی لە دەست نەبێتەوە و لەبەر ڕژدیی دەرگاکەی داخرابێ وەک بڵێی مشتی مەلایە نووقاوە، کەس بۆی ناکرێتەوە.

(١١)

(کاسێکی بلوورینی نخوونی لە سەرا بێ

نەختێکی لەبەر مەوجی لەتافەت قڵەشابێ)

ئەوە چییە کە کاسەیەکی شووشە لەسەر ئاوێک سەرەونخوون کرابێتەوە، لەبەر ناسکیی لەڕادەبەدەری خۆی تۆزێک درزی بردبێ؟!

(١٢)

(یاخۆ پەڵەبەفرێکی کە ئەسڵەن نەشکابێ

قەندیلی مونیر و گوزەری ئاب و هەوا بێ)

مانای ئەم بەیتە و بەیتی (١٣) بەیەکەوە لە بەیتی (١٤)دا لێک دراونەتەوە.

(١٣)

(کام ئاب و هەوا؟ موعتەدیلی نەشئەنوما بێ

یەعنی لە وەسەت کانییە گەرمێکی تێ زابێ)

(١٤)

(لەو کانییەدا چووزەرە ڕێواسێ ڕووابێ

بەو چووزەرە ڕێواسە کەمێکی قڵەشابێ)

یاخۆ ئەم شوێنە کامەیە کەس ڕچەی تیا نەشکاندووە و بەسەریا نەڕۆیشتووە و لووتکەی بەرز و سپیی قەندیلئاسا و گوزەری ئاووهەوای لەبارە بۆ پێگەیشتن و گەورەبوون، چونکە لە ناوەڕاستی ئەو بەفرە ساردەدا کانییەکی گەرم تەقیوە و بەو کانییە گەرمە بەهار هاتووە و چووزەرە ڕێواسێک ڕوواوە و بە ڕووانی ئەم چووزەرە ڕێواسەش کەمێک لە پەڵە بەفرەکە شەقی بردووە.

(١٥)

(یا قەسری موعەللا کە لە ئاوێنە کرابێ

یا غونچەیی نەشکوفتە کە ئاوی نەدرابێ)

یاخود ئەمە چییە ئەڵێی کۆشکێکی بەرزە لە ئاوێنە دروست کراوە، یا خونچەیەکی نەپشکووتووە، چونکە (ئاو)ی نەدراوە تا (بپشکوێ،) دیارە ئەگەر خونچە ئاو نەدرێ ناپشکوێ، بەڵکوو سیسیش ئەبێ و ئەمرێ.

(١٦)

(یا گومبەدی نەزھەتگەھی نێو باغچەسەرا بێ

ئەلوانی گوڵامێز و شەکەربێزی تیا بێ؟!)

یاخود ئەمە چییە ئەڵێی گومەزی جێگای سەیران و ڕابواردنە لەناو باخچەی کۆشک و تەلار تێدا، هەموو جۆرە بۆن و تامێکی خۆشی وای تیایە کە لە گوڵدا هەبێ و شەکر لە بەرچاوی بنیادەم ببێزرێنێ؟

(١٧)

(یا قورسی نمەک هەروەکوو مەڕمەڕ بە زیا بێ

جێی قەترە ئاوێکی لەنێودا قڵەشابێ)

یاخود ئەمە چییە خۆی ئەڵێی کوڵۆ خوێیە و وەک پارچە بەردی مەڕمەڕ تیشک ئەداتەوە و تەنها جێی دڵۆپێ (ئاو) لە ناوەڕاستەکەیدا درزی بردووە.

(١٨)

(یا گردەکی گردێکی کە شیرین هەڵیدابێ

گردی نمەکین، یەعنی گیای لێ نەڕووابێ)

مانای ئەم بەیتە و بەیتی (١٩) لە بەیتی (٢٠)دا لێک دراوەتەوە.

(١٩)

(دامێنی بە ئەنواعی گوڵ و مڵ خەملابێ

گەنجێکی تێدا بێ کە تیلەسمی نەشکابێ)

(٢٠)

(حوققێکی زەڕی سافی لەسەر بانی نرابێ

نەختێکی بە سەد سەنعەتی *مانی* قلەشابێ)

یاخود ئەمە چییە گردۆڵکەیەک بەسەر گردێکەوە هەڵکەوتبێ و دیمەنی زۆر جوان بێ، گردۆڵکەیەکی بەتام و خوێ بێ، سپی بکاتەوە و گیای لێ نەڕوێ، داوێنەکەی بە هەموو جۆرە گوڵێکی جوان ڕازابێتەوە و گەنجێکیشی تیا شارراببێتەوە کەس هێشتا دەستی بۆ نەبردبێ، (مەشهوورە گەنجینە تەلیسمی هەیە تا تەلیسمەکە نەکرێتەوە، گەنجینەکە دەر ناهێنرێ،) قوتوویەکی زێڕی بێگەردی بەسەرەوە دانرابێ، تۆزێک لەو قوتووە بە هەزار زەحمەت بە هونەرمەندێکی وەک (مانی) درزێکی بچووکی تێ کرابێ.

(٢١)

(یا ڕەئیسی یەتیمێکی کە بێبەرگ و نەوا بێ

غەڵتان و سەراسیمە، نە داکێک و نە بابێ)

مەعنای ئەم بەیتە و دوو بەیتی پاشەوەی پێکەوە لێک دراونەتەوە.

(٢٢)

(فێسێکی سپی و توندی لە کەڵلەی کەلی نابێ

هێشتاکو لە حەق جێگەیی خاسی نەدڕابێ)

(٢٣)

(چەسپیدە وو خڕ هەروەکوو بەر قاڵبی دابێ

نەختێکی لەبەر توندی و سفتی قڵەشابێ)

یاخود ئەمە چییە سەرێکی ڕووتی بێ کڵاو و بێ نازی هەتیوێک، تووشی دەرد و مەینەتی و سەرگەردانی بووبێ و کەسێکی نەبێ خزمەتێکی بکا و دەستێکی پیا بێنێ، فێستێکی سپی و توندوتۆڵی نابێتە سەر خۆی -کە وەک سەری کەچەڵ هیچ تووکی پێوە نییە- فێستەکەش خڕ و پڕ بە پڕی سەرەکە بێ وەک بڵێی لە قاڵب درابێ و ئەوەندە لووس و توند بێ بە سەرەکە، بە تەواوی نەیگرتبێ، بۆیە تۆزێکی شەقی بردبێ.

(٢٤)

(دورجێکی موجەوهەر کە هەموو حوسن و بەها بێ

دوڕڕێکی مونەووەر کە هەموو ئاوی سەفا بێ)

یاخود ئەمە چییە قوتوویەکی پڕ لە گەوهەر هەمووی هەر جوانی و ڕازاوەیی بێ؟! ئەمە چییە دوڕڕێکی ڕووناک کە هەموو لایەکی ئاوێکی خاوێن و بێگەردی بێ وەک بڵێی تەنانەت خۆیشی ئاوە؟!

(٢٥)

(بەیزێکی شوتورمورغی کەوا تازە کرابێ

وەک بەیزەیی بەیزا بە زیا وو بە سەنا بێ)

یاخود ئەمە چییە لە هێلکەی وشترمورغ ئەچێ تازە کردبێتی هێشتا هەڵمی ناوسکی وشترمورغەکەی لێ هەڵسێ وەک پەردەی بووک سپی و خاوەنشکۆ و بەرزی بێ؟

(٢٦)

(خرچێکی مودەووەر بە عەسەل ئاوی درابێ

نەختێکی لەبەر حوسن و حەلاوەت قڵەشابێ؟!)

یاخود ئەو کاڵەکە خرچە پێنەگەیشتووە چییە لەگەڵ پێنەگەیشتنیشیا ئەوەندە شیرینە ئەڵێی بە هەنگوین ئاو دراوە و لەبەر شیرینییە لە ڕادەبەدەرەکەی تۆزێکی بە ئاستەم درزی بردووە؟!

(٢٧)

(یاخود وەکوو خۆی شاهیدە، با وەسفی وەهابێ

سیمین مەمکێکی هەکە تازە هەڵیدابێ؟)

مانای ئەم بەیتە و دوو بەیتی پاشەوەی پێکەوە لێک دراوەتەوە.

(٢٨)

(یا تازە هەنارێکی کەناری گوڵی مابێ

بێ درز و قڵیش میسلی شەمامێکی تەڵا بێ)

(٢٩)

(بۆ تەجرەبە تا لەززەتی شیرینی ئەدا بێ

نەختێکی وەکوو دیدەیی دەرزی قڵەشابێ؟!)

یاخود ئەو پرسیارە وەڵام نەدراوە بەو شتانە نەشوبهێنین کە تا ئێستا باسمان لێ کردن، بەڵکوو شتە پرسیارلێکراوەکە لە خۆیدا چۆن هەروا وەسفی بکەین، بڵێین ئەو مەمکە سپییە زیوینە کامەیە کە تازە و تەڕ هەڵیداوە و دەرکەوتووە؟ ئەو هەنارە تازە دەرکەوتووە کامەیە کە هێشتا گوڵەکەی نەوەریوە و بە قەراخییەوە ماوە، درز و قڵیشی تێ نەبووە وەک هەنارێ کە بارانی پاییز لێی

بدا، ئەڵێی شەمامەی زێڕە، تەنها بۆ تاقیکردنەوە و هەستکردن بە شیرینییەکەی نەختێکی ئەوەندەی کونی دەرزییەک شەقی بردووە.

(٣٠)

(یاخۆ، مەسەلا میسلی نەوا بێت و نە وا بێ
مەشهوور و خەفی هەروەکوو عەنقا وو وەفا بێ)

یاخود ئەمە چییە نە وەک ئەو شتانەیە پێشان شوبهاندمان پێیان و نە وەک ئەو شتانەیە پاشان شوبهاندمان پێیان. شتێکی بەناوبانگە، کەچی لە بەرچاویش نییە وەک پەلەوەری عەنقا و وەک وەفا و پیاوەتی لەبەرچاوبوونی دۆستان کە خەڵک باسیان ئەکەن و لە ژیانیشمانا ڕێمان تێیان ناکەوێ.

(٣١)

(ساحێب زەڕ و زیوێ کە فریبی عوقەلا بێ
ئیکسیری تەڵای ئەحمەری چەند قەترە لە لا بێ)

یاخود ئەمە چییە کە خاوەنی زێڕ و زیوێکە تەنانەت پیاوی زیرەک و تێگەیشتووشی پێ هەڵئەخەڵەتێ و چەند دڵۆپێک لەو شتەی لایە کە لای خەڵک ئەوەندە ئەو ئیکسیرە گرانبەهایە، کە زێڕی سووری پێ دروست ئەبێ.

(٣٢)

(دەعوای ئومەرا چەندە لەسەر تەختی کرابێ
چەند خوێن کە ڕژابێت و چ خوێنی نەڕژابێ)

یاخود ئەمە چییە ئەوەندە نایاب و بەنرخە پادشاکان چەند شەڕیان لەسەر تەختەکەی کردووە و هەرکامیان ویستوویەتی خۆی لەسەر تەختی دانیشێ و چەند خوێن لە شەڕا لەسەر ئەو ڕژاوە و ئەو خۆی کەس نەیتوانیوە دەستی بۆ بەرێ و خوێنی برێژێ.

(٣٣)

(کێ بێ لە جیهاندا چ گەدا بێت و چ شا بێ
تەرکێکی وەها ناسک و پڕ لەززەتی گابێ؟)

(بەشی دووەمی خەونەکە)

(٣٤)

(دێوانە کە زانی کە دەبێ عوقدەگوشا بێ
هەستا و گوتی: ئەشکی ڕەوانم بە فیدا بێ!)

کە مەستوورە لە پرسیارەکەی بووەوە و (دێوانەکەم) تێ گەیشت کە وا (کردنەوەی ئەم گرێیە)ی خراوەتە ئەستۆ، ڕاست بووەوە و وتی: یاخوا (فرمێسکی ڕەوان)م بە قوربانت بێ!

(٣٥)

(ئەم ساحێبی تەشریحە دەبێ هەیئەتی چا بێ
هەم شاریح و هەم جاریح و موزیحەگوشا بێ)

وتی پرسیارەکەت پرسیارێکی قورس و گرانە و بە هەموو کەس لێک نادرێتەوە، کەسێکی جوان و شۆخ و لێهاتووی ئەوێ، شت باش لێک بداتەوە و پێی بکرێ یەکالای بکاتەوە و ڕەخنەگر بێ و بتوانێ زام بکا و ڕوونکردنەوەکانی لێک بداتەوە و برین بگەیەنێتە سەر ئێسک.

(٣٦)

(بۆ توند و ڕەقی مەتنی مەتینی حوکەما بێ
تەدقیقی ئەمیش سیرڕە دەبێ خوفیە ئەدا بێ)

ئەوەی، یا ئەو شتەی ئەم پرسیارە لێک ئەداتەوە یا ئەم شتە یەکالا ئەکاتەوە، ئەبێ لەبارەی توندی و ڕەقییەوە وەک تێکستی ئەو کتێبانە بێ کە فەیلەسووفەکان نووسیویانە، یا وەک پشتی ئەوان قایم و پتەو بێ. دیارە وردکردنەوە و لێکدانەوەی ئەمەش بە هەموو کەس ناوترێ و ئەبێ بە دزییەوە بکرێ، یاخود ئەم لێکدانەوەیە کارێکە ئەبێ بە نهێنی و لە شوێنی تایبەتیدا جێبەجێ بکرێ.

(٣٧)

(نەرم و خۆش و مونتیج وەکوو بەستی ئودەبا بێ

تووڵانی و بەرجەستە وەکوو دەستی دوعا بێ)

نەرم بێ، خۆش بە دەستەوە بێ، بەرهەمدار بێ، وەک پەخشانێکی ڕەوان بێ کە ئەدیب نووسیبێتی، درێژ بێ، دیار و هەستاوە بێ وەکوو دەستی کەسێک کە بۆ لەخواپاڕانەوە دەستی درێژ کردبێ.

(٣٨)

(شەو نائیم و قائیم، عەلەمی بابی ڕەزا بێ

بێ دیدە هەڵستێ بە مەسەل عەینی عەسا بێ)

ئەوەی ئەم گرێکوێرەیە ئەکاتەوە و چاری ئەم مەسەلەیە ئەکا ئەبێ بەدەم خەویشەوە بێدار بێ و هەستابێ و لە دەرگای قەناعەت و ڕەزامەندیدا بە هەرچی خوا دای، وەک ئاڵای قنج ڕاوەستابێ و کوێرانە هەستێ هەروەک عەسا، شەلم کوێرم ناپارێزم، ڕێ بداتە بەر.

(٣٩)

(مەجزووبی توروق، مورتەعیشی لەرزش و تا بێ

سالیکڕەوشی مەسلەکی ڕێگەی سولەحا بێ)

ئەو شتە وەک سۆفی جەزبەلێهاتوو یا وەک شێتی ناو کۆڵان و ڕێگاوبان و وەک لەرزوتادار لە خۆشییانا موچوڕکەی بە لەشدا بێ و ئەو ڕێگایەی گرتبێتە بەر کە چاکانی خوا هەموو گرتوویانەتە بەر.

(٤٠)

(فەرقێکی هەبێ، داخڵی میحرابی ڕەجا بێ

چاوێکی هەبێ، غەرقەیی فرمێسکی بوکا بێ)

ئەو شتە تەپڵەسەرێکی هەبێ لە (میحراب)ی ئاواتا نابێتییە (زەوی) و (چاو)ێکی هەبێ، تەنها چاوێک، هەمیشە لە (فرمێسک)ی گریاندا نوقم بێ.

(٤١)

(ڕێی حورمەت و بێحورمەتی هەرگیز نەکوتابێ

چەند ئاوی ڕژابێت و چ ئاوی نەڕژابێ)

ئەوشتە هەرگیز ڕێگای حەرام و بێحورمەتیی نەکوتابێتەوە و چەند ئاوی ڕشتبێ، بەڵام بە جۆرێک وای نەڕشتبێ، ئابڕووی پێ بچێ.

(٤٢)

(لەم ڕێگە سەریشی کە بچێ، یەعنی کوژابێ

گەردنکەچی بەرپێتە، قەدەمڕەنجەکە! سا بێ)

دەسا فەرموو، زەحمەت نەبێ تەشریف بێنە، ئەگەر لەم پێناوەدا هینەکەم سەریشی تیا بچێ و بدرێ بە کوشت، هەر گەردنکەچی

بەرپێتە و ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی داواکەت و کردنەوەی گرێکوێرەکەت.

(٤٣)

(تا گەرمرەوی ڕێگەیی زولماتی بەقا بێ

*ماء الخضرت* قەترە لەسەر قەترە فیدا بێ)

گەردنکەچی بەرپێتە و سەریشی تیا بچێ هەر ناگەڕێتە دواوە، دەسا فەرموو وەرە، تا بە تیژی و بەپەلە ڕێگای ئەو تاریکستانە بگرێتە بەر کە سەرچاوەی ژیانە و ئاوی ژیانی تیایە، یاخوا دڵۆپ دڵۆپ ئاوی زیندەگانییت یان (ئاوی مەلا خدرت) تا دوادڵۆپ بە قوربان بێ و دوا چۆڕی بۆ تۆ ببڕێتەوە!

(٤٤)

(کێ بێ وەکوو تۆ بەم شەوە ڕەحمی بە منا بێ!

مەجزووبە سیفەت، یەعنی سیلەی ڕەحمی تێدا بێ!)

مانای ئەم بەیتە و دوو بەیتی پاشەوەی پێکەوە لێک دراونەتەوە.

(٤٥)

(هەم جازیبە وو قابیلەیی ئەخز و عەتا بێ

مەستوورە وو مەخفی، شەبەهی بادی سەبا بێ!)

(٤٦)

(مەستانە هەڵستێت و بە کوێری ڕوقەبا بێ

ئەم بابزەنە گەرم و تەڕی کا بە کەبابێ)

کێ بێ وەک تۆ بەم تاریکەشەوە بەزەییی بە مندا بێتەوە و وەک ژنە سۆفی کە شێخ جەزبەی لێ هێنابێ و ڕایکێشابێ بۆ لای خۆی. بێ بە لامەوە و سیلەی ڕەحمی لە بەرچاو بێ و هەم هێزی ڕاکێشانی منی ببێ بۆ لای خۆی و هەم شتێشم لێ وەربگرێ و بۆ (وەرگرتن و دان) دەس بدا و کەڵکی ئاڵوگۆڕی پێوە بێ، شارراوە و نهێنییش بێ وەک سروەی بای سبەینان. بە کوێراییی چاوی ناحەز و بەدکارەوە بێ ترس و بێ پەروا وەک سەرخۆش هەڵسێ بێت بە دەممەوە، تا (شیش)ەکەی منیش (کەباب)ێکی بداتێ و بەو کەبابە گەرم و تەڕی بکاتەوە. بە پێی ئەم مەعنایە (شیش)یش و (کەباب)یش هەر یەک شتن و (شتەکە) جارێکیان لە ڕوویەکەوە کراوە بە (شیش) و جارێکی کە لە ڕوویەکی ترەوە بە (کەباب).

(٤٧)

(*نالی*! وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ،

ڕووڕەش مەکە پێی سەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ)

نالی! ڕووی لاپەڕەی کتێب بەو گاڵتەوگەپ و قسە هەڵەقومەڵەقانە ڕەش مەکەرەوە کە شاعیران شەرمیان لێ دێ. کتێب و دیوانی شیعر بە بابەتی وا بەدناو ئەبێ و ئابڕووی پێ ئەچێ.

(٤٨)

(تەحریری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حیسابێ،

دەروێش و گەدا، شاهـ و دەبێ شاهـ گەدا بێ)

گەر بنیادەم حیسابی خەو و خەیاڵ بکا و بینووسێتەوە و بە تەمای بێ بێتە دی، ئەبێ گەدا ببێ بە پادشا و پادشاش ببێ بە گەدا و هەموو شتێ ئاوەژۆ ببێ، کە ئەوەش هەرگیز نابێ.

(٤٩)

(وا چاکە خەیاڵ و خەوت ئەسراری هودا بێ

نەک بەحسی سورروور و عەلەم و بادی هەوا بێ)

وا باشترە بیر لە دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست، ڕێگای لای خوا بکەیتەوە، نەک هەر خەریکی باسکردنی ڕابواردن و (ئاڵای هەڵکراو) و شەکانەوەی بە بای ئارەزووبازی بی.

# بەرهەمەکانی مەستوورە

مەستوورە وەک سیمبوولێک بۆ ژنانی کورد، لە ڕۆژگارێک کە چاوەکان تەنها لەسەر پیاوان بوون و ئەدەبیات بە تەنها لە لایەن پیاوانەوە مولکداریی دەکرا و خوێندن بۆ ژنان باو نەبووە، مەستوورە لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیری سنە سەر هەڵدەدات و ئەو زینجیرە ئەدەبە نێرینەیە دەپچڕێنێت و قەڵەمی ژن دێنێتە ناو کایەکانی ئەدەب و نووسینەوە.

مەستوورە لە چەند بوارێکدا قەڵەمی جووڵاندووە، ئەوانیش (شیعر، مێژوو، دین و بیۆگرافیا)ن، سەبارەت بە مێژوو نووسین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەناو کوردانیشدا بە تایبەت، لەو ژانەرەدا تەنها پیاوان نووسیویانە و ڕووداوەکانیان گێڕاوەتە، بۆیە مەستوورە بە نووسینەوەی مێژووی ئەردەڵان دەبێتە یەکەمین ژنە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بۆ یەکەمین جار مێژووی نووسیبێتەوە و ساڵی (١٩٦٤) بۆ یەکەم جار کتێبە مێژوویەکەی (مێژووی ئەردەڵان) لە لایەن ناسر ئازادپوورەوە لە سنە چاپ دەکرێت[١]. نەک تەنها لە مێژوونووسیدا یەکەمین ژنە، بەڵکوو لە نووسین لە بواری ئایینیشدا وەک تاقانە ژنێک لەو سەردەمەدا دەرکەوتووە و ساڵی (١٩٩٨) کتێبەکەی لەبارەی شەرعیاتەوە بە ناوی (عقاید) لە لایەن (عەبدوڵڵا مەردۆخی)یەوە لە سوید چاپ کراوە[٢].

لەبارەی ژمارەی قەسیدە و غەزەلەکانی مەستوورەوە، میرزا عەلی، ئامۆزای مەستوورە لە کتێبی (حەدیقەی ناسریە)[٣]دا دەنووسێت ژمارەی هەڵبەستەکانی مەستوورە ٢٠ هەزار بەیت بوون، بەڵام (تحفە ناسری)[٤] دەهەزاری لەو بیستهەزارە کەم کردووەتەوە و

دەڵێت مەستوورە خاوەنی ١٠ هەزار بەیت بووە، بەڵام بە داخەوە کە وا بەشێکی زۆری شیعرەکانی مەستوورە لە ناو چوون و تەنها ٢ هەزار بەیتێکی ماوەتەوە و ساڵی (١٩٢٦) لە تاران چاپ کراون.

جگە لەم کتێبانەی باسمان کردن، مەستوورە خاوەنی کتێبێکە لەسەر ژیانی ئەدیب و شاعیرەکانی کورد بە ناوی (مجمع الادباء،) بەڵام بە داخەوە تا ئێستا ئەم کتێبە چاپ نەکراوە و هیچ سەروشوێنێکی دیار نییە. بەو هیوایەی دەستنووسی ئەم کتێبە پارێزرابێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان چاپ بکرێت و لە بەین نەچێت!

خوێنەری هێژا! لەم کتێبەدا هەوڵم داوە کورتەباسێک لەسەر ئەو بەرهەمە چاپکراوانەی مەستوورە بنووسم و تایبەتمەندییەکانیان بخەمە ڕوو، بەو هیوایەی توانیبێتم، ئەگەر شتێکی کەمیش بێت، بەڵام خزمەتێکم بەم گەوهەرەی کورد کردبێت!

# مێژووی ئەردەڵان

## مەستوورە وەک یەکەمین مێژوونووس

## کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

میرنشینی ئەردەڵان دووەمین میرنشینی کوردە، کە دوای میرنشینی بەتلیس مێژووی فەرمانڕەوایانی خۆی بە ڕێکوپێکی تۆمار کردبێ. خۆ ئەگەر بیرەوەرییەکانی (مەئموونبەگی کوڕی بێگەبەگ)[1] وەک مێژووی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان، بە یەکەمین سەرچاوەی مێژوویی وەربگرین، کە ساڵی (١٥٧٧) نووسراوە، واتا پێش تەواوکردنی (شەرەفنامە،)[2] ئەوا میرنشینی ئەردەڵان دەبێتە یەکەمین میرنشینی کوردی، کە مێژووەکەی لە لایەن مێژوونووسانی ئەردەڵانەوە، سەرلەبەر و بەسەر یەکەوە نووسرابێتەوە. مەستوورە شەشەمین مێژوونووسی دوای ئەم پۆلە مێژوونووسەیە، کە مێژووی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵانیان نووسیوەتەوە، واتا مەستوورە دەکەوێتە دوای (مەئموونبەگ، شەرەفخان، مەلا محەمەدی شەریف[3]، محەمەد ئیبراهیمی ئەردەڵانی[4]، خەسرەوبەگی ئەردەڵان[5]) و لەناو ئەمانەشدا جگە لە (مەئموونبەگ) و (شەرەفخان) کە هەردووکیان خۆیان فەرمانڕەوا و میرزادە بوون، ئیتر مەلا محەمەد شەریف، محەمەد ئیبراهیمی ئەردەڵانی، خەسرەوبەگی ئەردەڵان، لەسەر ڕاسپاردە و داخوازیی ڕاستەوخۆی خەسرەوخانی ئەردەڵان و ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان و خەسرەوخانی ناکام دەستیان بە نووسینەوەی مێژووی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان کردووە[6]. هەرچی مەستوورەیە مێژووەکەی لەسەر ڕاسپاردەی هیچکەسێک نەنووسیوە و لە پێشەکیی مێژووەکەیدا دەڵێت کە بە پێی ویستی دەروونی خۆی دەستی کردووە بە نووسینەوەی مێژووی ئەردەڵان[7]. ئەوەش وا دەکات کە مەستوورە ڕاستییە مێژووییەکان لەبەر کەس ئاوێتەی ڕووداوی ناڕاست نەکات و باش و خراپی سەردەمەکەی وەکوو خۆی بنووسێتەوە. مەستوورە لە پێشەکیی

کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە دوای خوێندنەوە و پشکنینی سەرچاوەکان و لێکدانەوە و درێژەدانی باسەکان نووسینەوەی مێژووی ئەردەڵان بە ئەرکی خۆی دەزانێت و کتێبە مێژووییەکەی تەرخان دەکات بۆ باسی حوکومداری میرەکانی ئەردەڵان، بەم شێوەیە حوکومدارانی ئەردەڵان دەبنە پاڵەوانی سەرەکیی مێژووەکەی مەستوورە، ئەم مێژووەش سەرهەڵدان و ئاوابوونی ئەوان لە خۆ دەگرێ.

جیاوازیی مێژووەکەی مەستوورە و شەرەفخان لەوەدایە کە شەرەفخان تەنها ویستوویەتی مێژووی کورد لەناو نەچێت و پارێزگاریی لە ناوی خانەدانەکانی کوردستان بکات، وەک خۆی لە پێشەکیی کتێبی شەرەفنامەدا دەڵێت: (هەموو نیاز و ئاواتم ئەوەیە کە خانەدانە گەورەکانی کوردستان ناویان لەناو ناواندا بمێنێ و لە ناو نەچن.)[٨] بەڵام مەستوورە ویستوویەتی بە دیدێکی رەخنەگرانەوە ئەو مێژووە بنووسێتەوە و بەراوردکاریی تێدا بکات، وەک خۆی لە پێشەکیی مێژووی ئەردەڵاندا دەڵێت: (بە سروشتی بلێسەدار و زەینی رەخنەگرانەوە بە دووی درێژەپێدانەوەچوونم بە پێویست زانی و پەرژامە سەر نووسینی ئەم چەند دێرە و دەنگوباسی پاشەرۆژ بە خێر و خۆشی و بەختەوەریی گوزەرینی زنجیرەی پایەبڵندی ئەردەڵانم هەڵهێنجاوە و لە پێشینانم بیستووە و بەرچاوی منی کەمینە کەوتووە، لەم نوسخەیەدا رِوونم کردۆتەوە.)[٩] ڤاسیلیەڤاش شاهێدی ئەم رِوانگە رِەخنەگرانەیەی مەستوورەیە و دەڵێت: (ئەگەر خوسرەو ئیبن محەمەد، کە تەنها دە ساڵ پێش ماهشەرەفخانم بوو، هەرگیز گوێی نەداوە بە

تێککردنەوەی زانیارییەکانی خۆی و هی خەڵکی تر، ئەوا نووسەری تاریخی ئەردەڵان بە گوێرەی توانا هەوڵی داوە زانیارییەکان هەڵسەنگێنێ، ماهشەرەفخانم لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە سەیری سەرچاوەکەی کردووە و هەرچەندە لەو کتێبەدا گومانی خۆی لەسەر زانیارییەکان بە ئەوپەڕی ئەدەبەوە دەربڕیوە، هەڵوێستی ئەم مێژوونووسە بە ڕوونی دیارە کە دژی باوەڕی ساکارانەیە بە هەموو ئەوەی نووسراوە، ئەوەی کە سیمای نووسەرانی پێش خۆی بوو.)(١٠) لێرەدا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کتێبە مێژووییەکەی مەستوورەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەویش بەراوردکاری و دیدێکی ڕەخنەگرانەیە و بەر لەو مێژوونووسان گوێیان بە ڕاست و دروستیی سەرچاوەکان نەداوە و بەراوردکارییان لە گێڕانەوەکاندا نەکردووە، مەستوورە لە نێوان گێڕانەوە جیاوازەکاندا تەنها یەک یان دوو گێڕانەوەی لە ڕێی بەراورد و تەبایی لە نێوان گێڕانەوەکاندا هەڵبژاردووە و دواتر لە ڕێی بەراورد و بەڵگەهێنانەوەوە هەوڵی داوە ئەو مێژووە سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە. دەکرێ ئەمەش بە داهێنانێکی مەستوورە ئەژمار بکرێت لە نووسینەوەی مێژوو لەو سەردەمەدا.

مەستوورە ڕووداوەکانی مێژوو لە چوارچێوەی پانتاییەک بۆ ڕاپەڕاندنی ویستەکانی خوداوەندا دەبینێت. لەو شوێنەدا کە باسی کوژرانی تەیموورخانی ئەردەڵان دەکات لە شەڕی گەڕووسدا، بە ئاماژەدان بۆ ئایەتێک لە قورئان، کوژرانی تەیموورخانی ئەردەڵان وەک قەدەرێکی خواوەند لە قەڵەم دەدات، هەروەها کاتێک چۆنیەتیی لەسەرکارلابردنی ڕەزا قولیخان شی دەکاتەوە، دەڵێ: (هەرشتێک

خودا بیەویّ سەبەبکاری بۆ دەرەخسیّنیّ.) ئەو خاڵە نیشاندەری ئەوەیە کە مەستوورە ڕەوتی گەڕیانەکانی مێژووی دامەزراو لەسەر ئیرادە و ویستی خوا دەزانیّ و مێژوو لە چوارچێوەی پانتاییەک بۆ ڕاپەڕاندنی ویستەکانی خواوەند دەبینیّ(١١).

خاڵێکی تری گرنگ لە مێژووەنووسینەوەی مەستوورە ئەوەیە کە سەرەڕای خۆشەویستی بۆ میرەکانی ئەردەڵان و هاوسەرەکەی (خوسرەوخانی ناکام،) بەڵام ڕاستگۆیانە کارە خراپەکانی باس کردوون و چاوی لەو زوڵم و زۆرە نەنووقاندووە کە خوسرەوخان بەسەر باوک و مام و براکانی مەستوورەیدا هێناوە، مەستوورە ئەم ڕاستییانە ناشارێتەوە و ڕەفتاری چەوت و ناڵەباری مێردەکەی بە گشتی باس دەکات و هەوڵی شاردنەوە و تەماویکردنی بابەتە مێژووییەکان نادات، وەک لە کتێبی مێژووی ئەردەڵاندا نووسیویەتی: (بە بیّ سووچ و تاوان باپیر و باب و مامەکانی منی خستە زیندان و کۆتەوە و زۆری خراپە دەگەڵ کردن، سی هەزار تمەنی بە زۆر لیّ ساندن.)(١٢) ئەم ڕاستگۆنووسیەی مەستوورەش دەکریّ بگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی کە مەستوورە لەژێر هیچ فشارێکدا نەهاتووە مێژوو بنووسێتەوە، بەڵکوو نووسینەوەی مێژووی بە ئەرکی خۆی داناوە و بەرپرسیارانە دەستی داوەتە نووسینەوەی مێژووی ئەردەڵان.

شێوازی مێژوونووسیی مەستوورە، شێوازی ئاوێتەکردنی سەرچاوە مێژووییەکانە، مەستوورە بۆ نووسینەوەی ڕووداوێک لە نێوان چەند سەرچاوەیەکدا لە ڕێی بەراورد و دەلیلهێنانەوەدا هەوڵی داوە سەرلەنویّ مێژووەکە بە ئاوێتەکردنی سەرچاوە

باوەڕپێکراوەکان دابڕێژێتەوە. مەستوورە سەرەڕای ئەوەی نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ میرەکانی ئەردەڵاندا هەبووە، بەڵام مێژووی لە سوودی هیچکام لە میرەکان نەنووسیوە و هەوڵی داوە ڕاستییەکان بنووسێتەوە. مەستوورە خۆی لە چینێکی بەرزی حوکومدارانی ئەردەڵاندا ژیاوە و لە نزیکەوە شایەد و بینەری دۆخی سیاسی ئەو سەردەمە بووە، بۆیە بە نووسینەوەی مێژووی ئەردەڵان هەوڵی داوە خەسارە مێژوویی و سیاسییەکانی ئەو زنجیرەیە دەستنیشان بکات و بوارێک بۆ پەندوەرگرتن بڕەخسێنێت، بۆیە دەکرێ بڵێین مەستوورە لە سەرەتای درووستکردنی مێژوویەکی فەلسەفیدا بووە، بەڵام ڕوانینەکانی بۆ مێژوو، ڕوانینێکی هزرگەرانە نەبووە و نەیتوانیوە مێژوویەکی تەواوی فەلسەفیانە بنووسێتەوە.

ئەگەرچی مێژووەکەی مەستوورە لە بواری مێژوودا وەک مێژوویەکی ناوچەیی دەناسرێت و لەسەر بنەمای باسی میرەکانی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە، بەڵام ئەم جوگرافیایەی کە لە مێژووەکەدا هەیە زۆر فراوانترە و جاری وا هەیە تەنانەت دەرەوەی کوردستانیش دەگرێتەوە. ئەمیش لە باسی شارەکانی باشووری کوردستان و ناوهێنانی ناوی حاکمەکانی ساوجبلاغی موکری. جگە لەوەش مێژووەکەی مەستوورە تەنها مێژوویەکی سیاسی نییە، بەڵکوو سەرچاوەیەکە بۆ ئاگاداری لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ناوچەی ئەردەڵان و تواناکانی میرنشینەکە، وەک لە چەند شوێنێکدا باسی تۆپخانە و زەمبوورەکخانەی میرەکانی ئەردەڵان دەکات، ئەوەش لە ڕاستیدا ئاماژەیە بە توانای چەکداری

حاکمە کوردەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا. لە لایەکی ترەوە باسکردن لە کار و چالاکیی میرەکانی ئەردەڵان لە بواری بیناکردنی مزگەوت و کۆشکەکانی ئەو سەردەمەی میرەکانی ئەردەڵان[١٣]. زانیارییەکی تەواویشی خستووەتە ڕوو لەبارەی پیوەندیی ئەردەڵانییەکان و میرنشینی بابانەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین مەستوورە مێژوویەکی فراوانتر و مەزنتری لەنێو کتێبەکەی خۆیدا نووسیوە و هەرگیز خۆی لە حەساری مێژووی سیاسیدا نەبەستۆتەوە.

## ئەو سەرچاوانەی مەستوورە لە نووسینی مێژووی ئەردەڵاندا سوودی لێ بینیون:

### ١- سەرچاوە نووسراوەکان:

مەستوورە بۆ نووسینەوەی مێژووەکەی لە چەند کتێبێکی مێژوویی سوودی بینیوە، وەک خۆی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ دەکات، ئەوانیش کتێبی (زبده التواریخ)ی مەلا محەمەد شەریف و (تسنیف)ی خوسرەوبەگە.

### ٢- سەرچاوە نەنووسراوەکان:

ئەو سەرچاوانەن کە مەستوورە بە شێوەیەکی زیندوو بە چاو بینیونی، یا لە چەند کەسێکەوە گوێی لێ بووە و پرسیاری کردووە، تەنانەت لە بیرەوەریی چەند کەسێکیش کەڵکی وەرگرتووە.

جگە لەم سەرچاوانەی سەرەوە کە سەرچاوەی نووسراو و نەنووسراون، مەستوورە سوودی لە ئەفسانەش وەرگرتووە، هەروەک لە بابەتی بن و بنەچەی کوردەوە تێکەڵی ئەفسانەی زووحاک دەبێ و ئەفسانەکە دەگێڕێتەوە و هیچ هەوڵێک بۆ ڕاست و درووستی ئەفسانەکەش نادات، ئەم تێکەڵکردنەی مێژوو و ئەفسانە کارێکی گرنگی مەستوورەیە و شارەزاییی ئەومان بۆ دەردەخات لە ئەفسانە و دارشتنەوەی مێژوودا.

بە سەرنجدان لە کتێبە مێژووییەکەی مەستوورە، بۆمان دەردەکەوێت کە خاوەنی زمانێکی ئەدەبیی پتەو و شارەزاییەکی باشی لە زمانی فارسیدا هەبووە، ئەگەرچی جێی خۆشیەتی ڕەخنەی ئەوە بگرین کە مەستوورە وەک کوردێک و خاوەن توانایەکی بەهێز لە شیعرنووسیندا بە زمانی کوردی، بۆچی مێژووەکەی بە زمانی فارسی نووسیوە، لە کاتێکدا کورد بووە و مێژووەکەی لەبارەی میرنشینێکی کوردییەوە بووە؟ لەو سەردەمەی مەستوورەدا زمانی کوردی لە سنە تا جێگایەکی باش جێگای خۆی گرتبوو و شاعیرانیش بە زمانی کوردی شیعرەکانیان دەهۆنییەوە. خۆ ئەگەر مێژووەکەی مەستوورە بە زمانی کوردی بوایە، بێ گومان بەرهەمێکی تاقانە دەبوو لە مێژوونووسیی کوردی ئەو سەردەمەدا، هەرچەندە بەو زمانە فارسییەشەوە ئەو بەرهەمە گرنگیی خۆی هەر هەیە.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە سەرەتا مەستوورە ئەو مێژووەی ناو ناوە (تاریخ الاکراد-مێژووی کوردان،) بەڵام (میرزا عەبدوڵلا مونشیباشی)ی مامی مەستوورە، دوای مردنی مەستوورە، دەستی

داوەتە تەواوکردنی مێژووەکە[١٤] و (ناسری ئازادپوور) کە بۆ یەکەمین جار کتێبەکەی لە چاپ داوە، ناوەکەی گۆڕیوە بۆ (تاریخ اردلان-مێژووی ئەردەڵان).

**ماوە بڵێین تا ئێستا چەندان جار کتێبی مێژووی ئەردەڵان چاپ کراوەتەوە:**

**جاری یەکەم/** ساڵی (١٩٦٤) لە لایەن (ناسر ئازادپوور)ەوە لە سنە، لە چاپخانەی بەهرامی چاپ کراوە؛

**جاری دووەم/** ساڵی (٢٠٠٢) لە لایەن هەژاری موکریانییەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی و لە تاران چاپ کراوە؛

**جاری سێیەم/** ساڵی (١٩٨٩) لە لایەن (حەسەن جاف و شوکور مستەفا)وە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە بەغدا لە لایەن (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی)یەوە چاپ کراوە؛

**جاری چوارەم/** ساڵی (١٩٩٠) لە لایەن (یـ ئی. ڤاسیلیەڤا)وە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی ڕووسی و لە مۆسکۆ چاپ کراوە؛

**جاری پێنجەم/** ساڵی (٢٠٠٢) بە وەرگێڕانی هەژار موکریانی لە لایەن (دەزگای ئاراس)ەوە لە هەولێر چاپ کراوە؛

**جاری شەشەم/** ساڵی (٢٠٠٥) (تاريخ الاكراد) بە فارسی لە لایەن (دەزگای ئاراس)ەوە لە هەولێر چاپ کرا؛

**جاری حەوتەم/** ساڵی (٢٠٠٥) دیسان بە وەرگێڕانی هەژار موکریانی لە لایەن (دەزگای ئاراس)ەوە لە هەولێر چاپ کرایەوە.

# شرعيات

## مەستوورە وەک ئایینزانێک

جگە لە مێژوو، مەستوورە لە بوارێکی دیکەیشدا خاوەن بەرهەمە و لەو بابەتەشدا تاقانەیە، ئەویش کتێبی (شرعیات)ە کە کۆمەڵە باسێکی ئایینییە. گومانی تێدا نییە کە نووسین لەم بوارەدا نەک هەر لە سەردەمی مەستوورەدا، بەڵکوو ئێستاش تەرخان کراوە بۆ پیاوان. بێ گومان ژن لەو ئاستەدا نەبینراوە کە مافی ئەوەی هەبێت دەست بۆ بابەتە ئایینییەکان ببات و لەم بوارەدا بیر بکاتەوە و بیروڕای خۆی دەرببڕێت. ڕاستە مەستوورە زانایەکی ئایینی نەبووە و زۆریش لە زانستە ئیسلامییەکاندا قووڵ نەبووەتەوە، بەڵام وەک یەکەم ئافرەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناو دەبرێت کە جگە لە مێژوونووسی، لەسەر بابەتە ئیسلامییەکانیشی نووسیوە.

بێ گومان لەو ساڵانەدا کە مەستوورە لە سنە گەنجێکی بیست-ساڵان بووە، گەورەترین ڕووداو و گۆڕانکاریی عیرفانی و مەعنەویی ناوچەکە، بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی بە ڕێبەرایەتیی (مەولانا خالید) بوو. بێ گومان مەستوورە ناوبانگی مەولاناخالیدی بیستووە و فیکر و ڕێبازەکەی مەولانا کاریگەرییان لەسەر بیروباوەڕی مەستوورە هەبووە.[1]

چەند کەسایەتییەکی ئایینی لەو سەردەمەدا هەبوون کە کاریگەرییان لەسەر مەستوورە هەبووە و مەستوورەش بۆ نووسینی کتێبەکەی وەکوو سەرچاوە سوودی لە چەند کتێبێک بینیوە، لەوانە کتێبی (ئەلوزووع)ی مەلا ئەبووبەکر[٢]، ئیمام شەمسەددینی ڕەملی[٣]، ئیبن حەجەر[٤] و ئیمام محەمەد غەزالی[٥]. مەستوورە جگە لەم سەرچاوانە شارەزایەکی باشی زانستی فەرموودە بووە و لە چەند بەشێک لە کتێبی شەرعیاتدا فەرموودەکانی سەحیحی بوخاریی بە

کار هێناوه و چەندان ئایەتیشی لە قورئان هێناوەتەوە[٦]. ئەوەش پێمان دەڵێت کە مەستوورە شارەزاییەکی باشی لە کتێبە ئیسلامییەکان و فەرموودە و قورئاندا هەبووە.

کتێبی شەرعیات، لە پاش ساڵی ١٨٣٥ـەوە نووسراوە؛ لە وردبوونەوە لە کتێبەکە وا دەردەکەوێت کە مەستوورە ئەم کتێبەی لەکاتی پەرێشانحاڵی و دوای مردنی خوسرەوخانی مێردیدا نووسیوە؛ وەک لە پێشەکیی کتێبی شرعیاتدا نووسیویەتی: (لە ڕۆژێکدا کە گلۆڵەی بەختم لە بێوەفایی دەوران کەوتبووە لێژی و شووشەی هەیبەتم بە بەردی نالەباریی موقەدەری ڕۆژگار شکابوو و ڕۆژم بە وێنەی زوڵفی تازەبووکان شێوابوو و ڕۆژگارم وەکوو خۆم بێسەروسامان کەوتبوو و دڵم بە خەدەنگی فەلەک خوێناوی مابوو و کۆشکی بەختم بە دەستی گەردوونی نالەبار ڕووخابوو.)[٧]

گرنگیی ئەم کتێبەی مەستوورە لەوەدایە کە هەم یەکەمین ژنە کە قەڵەمی لەم بوارەدا جووڵاندبێ و هەم یەکەمین کتێبی ئایینییە کە بە زمانی فارسی لە ناوچەکەدا نووسرابێت و تا ئەو کاتە هەموو کتێبەکانی شەرعی ئیسلامی تەنها بە زمانی عەرەبی دەنووسران، کە جگە لە پیاوانی ئایینی کەس نەیدەتوانی بیانخوێنێتەوە و لێیان بگات. مەستوورە نەیویستووە خەڵک ناچار بێت فێری زمانی عەرەبی بێ تا لە دەقە ئایینییەکان تێبگات، ئەو هاتووە بە زمانی خەڵکی ئەوسەردەمە بابەتە ئایینییەکانی نووسیوە تا خەڵک ڕوو لە پیاوانی ئایینی نەکەن بۆ ئەوەی لە بابەتێکی ئایینی تێبگەن.

هەرچەندە کتێبی (شرعیات) کتێبێکی بە ئەندازە بچووکە، بەڵام دەرخەری ئەوەشە کە مەستوورە لە سەرچاوە گرنگەکانی شەرعی

و ئایینیدا زۆر شارەزا بووە، تەنانەت لە کتێبەکانی حەنەفی و شافیعی مەزهەبیش ئاگەدار بووە و سوودی لێ بینیون. لەبەر ئەوە ئەم نامیلکەیە بە تایبەتی بۆ مەسەلە شەرعییەکان نووسراوە، کەمتر ڕوانینی چووەتە سەر کتێبە کەلامییەکان، ئەم کورتە ئاوڕدانەوەش لەسەر باسی کەلام کە لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەبینرێت، لەبەر ئەوەیە کە لە پێشەکیی کتێبە فیقهییەکاندا وا باو بووە کە نووسەر کورتەیەکیش سەبارەت بە باوەڕ و عەقیدە باس بکات، ئەگینا ئەم کتێبە کارێکی بەسەر کەلامەوە نییە(٨).

**ئەوەی ماوە بیڵێین ئەوەیە کە کتێبی شەرعیات چەند جار چاپ کراوە:**

**جاری یەکەم/** ساڵی ١٩٩٨، لە لایەن (عەبدوڵڵا مەردۆخی)یەوە لە سوید چاپ کراوە؛

**جاری دووەم/** ساڵی ٢٠٠٥، لە لایەن دەزگای (ئاراس)ـەوە لە هەولێر چاپ کراوە.

# دیوانی مەستوورە

## مەستوورە دامەزرێنەری شێوەنەشیعری کوردی

مەستوورە جگە لە مێژووەکەی و کتێبی عەقاید و (مجمع الادباء) شیعریشی نووسیوە و جێگای خۆیەتی کە لێرەدا تیشک بخەینە سەر چەند خاڵێکی بەهێز لە شیعرنووسینی ئەم خانمە و ڕوونی بکەینەوە تا چ ڕادەیەک پێشەنگ و تا چەندە توانیویەتی نوێگەری لە شیعری سەردەمەکەی خۆیدا بکات. ناتوانین زۆر بە ڕوونی دیاری بکەین کە مەستوورە لە چەند ساڵییەوە دەستی داوەتە شیعرنووسین و هاتووەتە ناو دنیای شیعرەوە، بەڵام پێدەچێت مەستوورە لەتەمەنی هەژدەساڵی بەسەرەوە دەستی بە شیعرنووسین کردبێت، ئەگەرچی لە ئێستادا بەشێکی کەم لە شیعرەکانی ماون، بەڵام ئەم بەشە کەمەیش دەری دەخەن کە مەستوورە لە هۆنینەوەی شیعردا دەستێکی باڵای هەبووە و ئەزموونێکی دووری هەیە و پێناچێت لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا دەستی بە شیعرنووسین کردبێت و لەوانەیە لە سەرەتای شووکردنی بە خوسرەوخانی ناکام و چوونی بۆ کۆشک، خوسرەو یارمەتیدەرێکی باشی مەستوورە بووبێت تا بتوانێت لە کایەی شیعردا ئاوا سەرکەوتوو و هەستناسک بێت. هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە وا خوسرەوخانی مێردی مەستوورە شاعیر بووە و لە کۆڕە شیعرییەکانی کۆشکدا مەستوورە ئامادەیی هەبووە و توانیویەتی ئاشنای شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمە بێت.

لەبارەی ژمارەی قەسیدە و غەزەلەکانی مەستوورەوە میرزا عەلی ئامۆزای مەستوورە لە کتێبی (حەدیقەی ناسریە)[1]دا دەنووسێت ژمارەی هەڵبەستەکانی مەستوورە (٢٠ هەزار) بوون، بەڵام (توحفەی ناسریە)[2] دەهەزاری لەو بیستهەزارە کەم کردووەتەوە و دەڵێت مەستوورە خاوەنی دەهەزار بەیت بووە[3]. بەڵام بە داخەوە

شیعرەکانی مەستوورە لە ناو چوون و تەنها دوو هەزار بەیتیکیان ماوەتەوە، کە بە هەوڵ و کۆششی (حاجی شێخ یەحیا مەعریفەت)[٤] دوای ٧٩ ساڵ بەسەر کۆچی دواییی مەستوورەدا، شیعرەکانی لە تاران چاپ کرا و لە (٢٠ هەزار) بەیت پێک هاتبوو و سەرجەمی شیعرەکان فارسی بوون.

مەستوورە جگە لە شیعری فارسی بە کوردییش شیعری نووسیوە، بەڵام بە داخەوە شیعرە کوردییەکانی زۆر کەم ماون و پێدەچێت زۆریان لە ناو چووبن، بەڵام خۆشبەختانە بەشێک لە شیعرە کوردییەکانی کە بە زاری هەورامی و سۆرانی نووسراون ماون، سەرەڕای ناکۆکی لەسەر شیعرە کوردییەکانی مەستوورە حەکیم مەلا ساڵح[٥] پێی وایە مەستوورە بە کوردی شیعری نییە، بەڵام سدیق بۆرەکەیی[٦] لە ساڵی ١٩٩٨دا دیوانی مەستوورەی چاپ کردووە کە ٤٦٢ بەیتی کوردیی تێدایە و ساڵی ٢٠١١ بە هەوڵی محەمەد عەلی قەرەداغی[٧] کۆمەڵێک دەستنووسی شیعرە کوردییەکانی مەستوورە چاپ کران[٨].

گرێیەک لە شیعرە فارسییەکانی مەستوورەدا بە دی دەکرێ کە ناکرێ هەر وا بەسەریدا تێپەڕین. کاتێک خوێنەر ڕوو لە شیعرەکانی مەستوورە دەکات وەک ژنێک، چاوەڕوانی بەرهەمێکی ژنانەشی لێ دەکات، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە سەردەمی مەستوورەدا هەر ئەوەندە کە ژن شاعیر با و خوێندبایەوە، بە پێچەوانەی تەعالیمی ئیسلامی، بە گوناه تەشریع کرابوو و پیاوانی ئایینی نەهییان کردبوو، لە لایەکی دیکەشەوە لە زمانی فارسیدا بە پێچەوانەی شیعری کوردی، پێداهەڵگوتنی ژن بەسەر پیاودا جێی خۆی

نەگرتبوو. مەستوورە نەیتوانیوە ئەم چاوەڕوانییە بە تەواوی بە جێ بهێنێت و لە زۆر جێگادا شیعرەکانی وەک پیاوان هۆنیوەتەوە و بەسەر بەژنی باریک و لێوی سوور و گەردنی بەرز و کەمەندی زوڵفی هەودا هەودای هەڵگوتووە و شیعرەکانی لە ڕواڵەتی ئەدەبیاتێکی ژنانەی دوور خستووەتەوە، بە چەشنێک کە ئەگەر لە کۆتاییی هەرکام لەو شیعرانەی ناوی خۆی نەهاتبا خوێنەر وەی دەزانی شاعیر پیاوە(٩).

توانای مەستوورە لە شیعری کوردیدا دوای مەرگی خوسرەوخانی مێردی دەردەکەوێت، ئیتر مەستوورە لە شیعرەکانیدا لە ڕواڵەتی شیعری پیاوانە ڕزگاری بووە و تەواو هەست بە ژنێتیی شیعرەکانی دەکەین(١٠).

شیعرەکانی مەستوورە دوو بەشن، شیعرە فارسییەکان و شیعرە کوردییەکان. مەستوورە لە شیعرە فارسییەکانیدا درێژەپێدەری هەمان ڕەوتی شیعری فارسە و نەیتوانیوە تێیاندا نوێگەری بکات، تەنانەت وەک لەسەرەوە باسمان کرد، کەمترین ڕەنگ و بۆی ژنانەشی تێدا دەرکەوتووە، بەڵام شیعرە کوردییەکان کە بە دوو زاری هەورامی و سۆرانی نووسیونی، بە پێچەوانەی بەشە فارسییەکەیەوە داهێنانێکی تازەی پێوە دیارە کە لە ئەدەبی کوردیدا بێوێنەیە، لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی ئەم داهێنانە تازەیەی پێشان بدەم.

## ڕواڵەتی شیعری

مەستوورە لە هۆنینەوەی شیعرە کوردییەکانیدا خۆی بە دوور گرتووە لە بەکارهێنانی کێشی بێگانە (عەرووزی) و کێشی (بڕگەیی)ی بە کار هێناوە کە داهێنان تێیدا زیاترە و خەیاڵ دەتوانێت دوورتر بڕوات، بۆیە شیوەنە شیعرییەکانی مەستوورە هەر نیوەدێڕێکی لە دە بڕگە پێک هاتووە و هەردێڕێک سەروای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو وشە و زاراوانەش کە مەستوورە لە شیعرەکانیدا بە کاری هێناون زۆر سادە و خۆماڵین، بە جۆرێک هیچ وشەیەک قورسایی بەسەر دێڕەکەوە درووست ناکات، ئەمەش وا دەکات بە ڕواڵەت شیعرە کوردییەکانی سادە بن، بەڵام ئیشکردن تێیاندا زۆر سەخت و دژوارە، کە شارەزایی و لێهاتوویی مەستوورە نیشان دەدەن بەسەر شیعری کوردی و زمانی هەورامییەوە کە ئەو سەردەمە زمانی نووسین و ئەدەبی کوردستان بووە. جگە لەوە لە شیوەنە شیعرەکانی مەستوورەدا ڕەنگدانەوەی ناوچەکانی کوردستان دەبینین لە ناوبردنی کەژ و کێو و جگە لەمانە ژیان و شین و شایی خەڵکی کوردستانیش تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش یەکێکە لەو بنەمایانەی کە شیعرە کوردییەکانی مەستوورە لە شیعرە فارسییەکانی جیا دەکاتەوە، چونکە مەستوورە لەو شێوازەدا لاسایی ناکاتەوە، بەڵکوو دادەهێنێت(١١).

## ناوەرۆکی شیعری

شیعرە کوردییەکانی مەستوورە جیاواز لە شیعرە فارسییەکانی، هەڵقوڵاوی دەروونی نائارامی خۆین، ناوەرۆکی شیعرە کوردییەکان دەربڕی هەستێکی نائارام و غەمداگرتووی زامدارە، زۆربەی شیعرە کوردییەکانی مەستوورە شیوەنی مەستوورەیە بۆ جوانەمەرگبوونی خوسرەوخانی مێردی، کە تا ئەو کاتە هیچ شاعیرێک نەیتوانیوە شیوەنەشیعرێکی وەکوو مەستوورە بنووسێت و بەم جۆرە شیوەن بۆ مێردەکەی بکات. دەتوانین بڵێین مەستوورە دامەزرێنەری شیوەنەشیعرە لە شیعری کوردیدا، چونکە هەم بەر لە ئەو هیچ شاعیرێک بەم جۆرە شیوەنی نەهێناوەتە ناو شیعری کوردی و جگە لەوەش مەستوورە خاوەنی شیعرێکی زۆری شیوەنییە کە نەمدیوە شاعیرێکی تر بەم ڕادەیەی مەستوورە شیعری شیوەنی هەبێت، تا ئێستاش نەمدیوە شاعیرێک لە مەیدانی شیوەنەشیعردا بتوانێت شان بە شانی مەستوورە بێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە شیوەنەشیعرییەی مەستوورە ئەوەیە کە تەواو شیوەنێکی ژنانەی کوردی لە دێڕە شعرەکانیدا دیارە و بەو زمانە ژنانە سادەیە دەروونی پڕ ئێشی خۆی بە شیوەن هێنایە ناو شیعرەوە. لە زۆر دێڕدا چاومان بە (ڕۆڕۆکردن، فیدات بام، کۆر بام، لاڵ بام، ،قوربانت بام) دەکەوێت، ئەم زاراوانە زاراوەگەلی تایبەت بە ژنانی کوردە ئەو کاتەی ئازیزێکیان جوانەمەرگ دەبێت و بەم وشانە شین و ڕۆڕۆی بۆ دەکەن و دەیلاوێننەوە. شیعری کوردیی مەستوورە شیعری ڕۆڕۆ و شیعری لاواندنەوە و شینە و ناوەرۆکی شیعرە

کوردییەکانی داهێنانێکە لە ناوەڕۆکی شیعری کوردی سەردەمەکەی خۆی و توانیویەتی تێشیدا سەرکەوتوو بێت و ئەزموونێکی بەنرخمان پێشکەش بکات[١٢].

**ماوە بڵێین تا ئێستا چەند جار شیعرەکانی مەستوورە چاپ کراون:**

**جاری یەکەم/** ساڵی ١٩٢٦ لە لایەن (حاجی شێخ یەحیا مەعریفەت)وە لە تاران لە (مطبعه شوروی) چاپ و بڵاو کرایەوە، کە پێک هاتبوو لە دوو هەزار بەیتی فارسی؛

**جاری دووەم/** ساڵی ١٩٨٣ لە لایەن (ئەحمەد کەرەمی)یەوە لە تاران لە (نشر ما) چاپ کرا، کە سەرجەمیان شیعری فارسی بوون؛

**جاری سێیەم/** ساڵی ١٩٩٨ لە لایەن (سدیق سەفیزادە-بۆرەکەیی)یەوە لە تاران لە (انتشارات امیر بهادر) چاپ کرا، لە دیوانەکەدا ٤٦٢ بەیتی کوردی تێدا بوو،

**جاری چوارەم/** ساڵی ٢٠١١ لە لایەن (محەمەد عەلی قەرەداغی)یەوە لە هەولێر لە (دەزگای ئاراس) چاپ کرا، دیوانەکە پێک هاتووە لە کۆمەڵێک دەستنووسی شیعری کوردیی مەستوورە.

گروپێک بۆ خزمەتی
خوینەران و نوسەران و وەرگیرو
قوتابیانی خۆشەویست




کتێبخانەی ( PDF ) ›

PUBLIC GROUP · 82K MEMBERS